https://www.doi.org/10.31918/twejer.2251.2

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ڕێگاکانی ئازادبوونی دیلە خاچدروشمەکان لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی

# (٥٦٧-٥٨٩ک/١١٧١-١١٩٣ز)

احمد عبدالرحمن احمد
زانکۆی سۆران/ فاکەلتیی ئاداب
Ahmed.basrmay2020@gmail.com

پ. د. احمد میرزا میرزا
زانکۆی صلاح الدین/ فاکەلتیی ئاداب

**پوختە**

سەرەتای دروستبوونی قەوارە سیاسییەکان لە جیهاندا, لە ئەنجام بۆچوون و بەرژەوەندیی جیاواز بوو, بۆیە ئەمەش بووەتە هۆی درووستبوونی ڕووبەڕووبوونەوەیان, لە گرنگترین دەرەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەش دیل کەوتنەوەیە, ئەم دیاردەیەش لە کۆنەوە و ئێستادا هەیە و لە داهاتووشدا بوونی دەبێت. واتا بابەتێکی زیندوو و گرنگە.

سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی ( ٥٦٧-٥٨٩ک/١١٧١-١١٩٣ز) دیاردەی بەدیلگرتن زۆر بووە, چەندین باری جیاوازی بەدوای خۆیدا هیناوە, بەڵام توێژەر لەم باسەیدا تەنها جەخت لەسەر ڕێگاکانی ئازادکردنیان دەکاتەوە.

(سەلاحەدین) بەدەر نەبووە لە گرتنەبەری ڕێگاکانی ئازادکردنی دیلەکان, ئەمەش بە چەند شێوازی جیاواز, کە گرنگترینیان, دیل بە دیل گۆڕینەوە, دیل بەرانبەر بە ماڵ و دارایی, لە پێناو پاراستنی ئاشتیی گشتی, بەرانبەر بەدەستەوەدانی شوورە و قەڵاکانیان, ڕێزی بۆ سەرکردە و کەسایەتییەکانی لایەنی بەرانبەر, بەهۆی بوونی بەزەیی و لێبوردەیی لە کەسایەتیی سەلاحەددین و چەندین ڕێگای تر, کە بۆتە نموونەیەکی جوان لە لایەن دۆست و نەیارەکان.

**وشە کلیلییەکان:** سوڵتان سەلاحەددین, حطین, بيت المقدس, خاچدروشمەکان, دیل.

## ڕێگاکانی ئازادبوونی دیلە خاچدروشمەکان لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی

## (٥٦٧-٥٨٩ک/١١٧١-١١٩٣ز)

## پێشەکی:

ئەوروپییەکان زنجیرە شالاویکیان بۆ سەر جیهانی ئسلامی ئەنجامدا و ناونرا جەنگی خاچدروشمەکان, لە دەرەنجامە هەرە گرنگەکانی ئەم شالاوانە, لێکەوتنەوەی دیل لەنێوان هەردوو لایەنی ململانێکەر.

زانینی هەڵویست بەرانبەر بە دیلەکان لەو ماوەیەدا گرنگە, چونکە دەبێتە سەنگی محک بۆ زانینی لایەنی دادپەروەری لە لایەن هێزە شەرکەرەکانەوە لە لایەک, پەند وەرگرتن لە پێداهەلگوتن و شوێنکەوتن بۆ لایەنی بەسۆز و لێبوردە, هەروەها گلەیی و رق لەوانەی کە ستەمیان لە دیلەکان کردووە لە لایەکی تر, چونکە بەدیلگرتن دۆخێکی -حال بەردەوامە لە کۆن و ئێستا و داهاتوودا.

بایەخی توێژینەوە لەوە دایە, توێژەر پەردەی لەسەر هەڵوێستی (سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی) هەڵداوەتەوە و ڕێگاکانی ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکانی شیکار کردوون و وەسفی کردوون, ئەم شیکاری هەڵوێست و ڕێگایانەش لە چوارچێوەی حەوت باسدا خراونەتەڕوو, بەو پێیەی تا ئەمرۆ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی پەنجەی نەخستۆتە سەر تەواوی ئەو هەڵوێست و ڕێگایانەی ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان لە لایەن (سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی) بە وردی, لەبەرئەوەی گەڕان بەدوای هەڵسوکەوت بەرانبەر دیلەکان لە چاخێکدا گرنگە کە دادەندرێت بە گرینترین چاخە وەرگێڕەکانی جیهان, ئەوەی لەوەش گرنگتر بۆ توێژەرانی کورد ئەوەیە سەرکردەی ئەو لایەنەی کە بەرگری کردووە دژی

دەستدرێژی گرنگترین شالاّوە خاچدروشمەکان(سەلاحەددینی ئەیوبی) کورد بووە.

ڕوونە شێوازی شیکاری وەسفی- مێژوویی لەم توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان پەیڕەوکراوە و هاتنە ئارای چۆنیەتیی ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان, بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەنی ئەو سەردەم, وەک پەرتووکی (الفتح القسی فی فتح القدسي) الاصفهاني, کە خۆی یەکێک بووە لە هاوسەردەمی (سوڵتان سەلاّحەددینی ئەیوبی) و لە زۆربەی ڕووداوەکان لەگەڵیدا بەشداریکردووە و ڕووداوەکانی تۆمارکردوون, زۆر بەوردی باس لە شەڕەکانی سەلاّحەدین دەکات, پەرتووکی (مضمار الحقائق و سر الخلائق)ی ابن شاهنشاه , یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی دەوڵەتی ئەیوبی, سوودی زۆری هەبووە, پەرتووکی (معجم البلدان)ی یاقوت الحموي, یەکێکە لەو سەرچاوە جوگرافییانەی کە زانیاریی زۆر باشی لەسەر شوێنی جوگرافیایی شارەکان و هەرێمە ئیسلامییەکان باس کردووە, بۆ ناساندنی شارەکان لە توێژینەوەکەدا پشتی پێ بەستراوە, پەرتووکی (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية او سيرة السلطان الناصر صلاح الدين الايوبي)ی ابن شداد, ئەم سەرچاوەیە باس لە تەواوی ژیانی سەلاّحەدین دەکات هەر لە سەرەتاوە تاوەکو کۆچی دوایی کردنی, نوسەر بەچاوی خۆیی ڕوداوەکانی بینیوە و کەمتر پشتی بە کەسانی تر بەستووە, بۆیە سەرچاوەکە گرنگی و تایبەتمەندی مێژووی خۆی هەیە و ناکرێت فەرامۆش بکرێت, یەکێکە لە سەرچاوە ڕەسەنەکان و سودی زۆر بەخشیووە بە توێژینەوەکە, هەریەکە لە پەرتوکی (الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية)ی ابو شامە و پەرتوکی(مفرج الكروب فی اخبار بنی ایوب) ی ابن واصل, هیچیان کەمتر نیە لە ڕووی ئەکادیمی و زانستیەوە لەوسەرچاوە ڕەسەنانەی پێش خۆیان کە ئاماژەمان پێ کردوون, ئەوانیش بە هەمان شێوە باس لە کار و خەباتی سەلاّحەدین و

بنەماڵەی ئەیوبی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە دەکەن, هەموو ئەو سەرچاوانەی لە پێشەوە ئاماژەیان پێدراوە, بریتین لە سەرچاوەی سەردەمی ئیسلامی کە باسیان لە سەردەمی سەلاحەددین کردووە و تاڕادەیەک وەسفی ئەویان پێوە دیارە, بەڵام سەرچاوەی تری ئیسلامی و گەڕیدەی بیانیش هەن بە لایەنی دژبەری سەڵاحەددین دادەندرێن لەوانە, پەرتووکی (الكامل فی التاریخ)ی ابن الاثیر, ئەم سەرچاوەیە بە گشتی باس لە ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی بە گشتی و سەردەمی سەڵاحەددین بە تایبەتی دەکات, نووسەری ئەم پەرتووکە لەبەرئەوەی لەپێش دەوڵەتی ئەیوبی نووسەری بنەماڵەی زەنکییەکان بووە, ویستوویەتی ڕۆڵ و کارەکانی سەڵاحەددین گرنگی پێ نەدات, هەروەها یەکێکە لە سەرچاوە ڕەسەن و بنەڕەتەکان, بۆیە توێژەر بە شێوەیەکی سەرەکی لە توێژینەوەکەدا پشتی پێ بەستووە, کە زۆر نزیکە لە ڕووداوەکان, هەریەکە لە پەرتووکی گەڕیدەکان (من تاریخ الصلیبیة) ی مکسیموس مونروند و (تاریخ الحملات الصلیبة)ی ستیفن ڕانسیمان بۆ سەڵاحەددین بە لایەنی دژبەر دادەنرێت, تا ڕادەیەک چەندین سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەری گرنگتری لاوەکی بۆ توێژینەوەکە بەکارهاتوون, بە مەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە, کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان پێیداوە.

بە گشتی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە حەوت باسی سەرەکی کە بریتین لە, باسی یەکەم: باس لە دیل بە دیل گۆڕینەوە دەکات, واتە دیلەکان لە بەرانبەر یەکتر گۆڕدراونەتەوە. باسی دووەم: ئازادکردنی دیلی خاچدروشمەکان بوو بەرانبەر بە ماڵ و دارایی بۆ بەدەستهێنانی پارە و سامان بۆ وڵات. باسی سێیەم: باس لە ئازادکردنی سەرکردە دیلەکانی خاچدروشمەکان لە بەرانبەر ڕزگارکردنی قەڵا و شارەکانیان, واتە ئازادکردنی دیل لە پێناو بەدەستهێنانی شاری خاچدروشمەکان. باسی چوارەم: باس لە ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان لەبەر بوونی

پەیوەندیی سەلاحەددین لەگەڵ سەرکردەکانیان. باسی پێنجەم: ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکانە بەهۆی نواندنی بەزەیی و لێبوردەیی سەلاحەددین بەرانبەریان. باسی شەشەم: باس لە ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکانە لەپێناو پاراستنی ئاشتیی گشتی ناوچەکە. باسی حەوتەم و کۆتایی: باس لە چەند ڕێگایەکی تری جیاوازی ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکانە, کە لەم شەش باسەی پێشووتردا جیاوازن, وەک ئازادبوونیان لە ڕێگەی فێڵ و پابەند نەبوون بە بەڵێنەکانیان, دوای ڕێککەوتن لەگەڵ موسڵمانەکان, ئازادکردن بەهۆی فرۆشتنیان.

**باسی یەکەم: دیل بە دیل گۆڕینەوە:** گیانی سەربازە موسڵمانەکان لە لای (سەلاحەددین) زۆر گرنگ بووە, کاتێک سەربازەکانی لێ بە دیل دەگیران یەکەمین شت بیری لێ دەکردەوە دیل بە دیل گۆڕینەوە و پارەدان بوو لە پێناو ئازادکردنی دیلە موسڵمانەکان و پاراستنی گیانیان.

لەساڵی (٥٧٠ك/١١٧٤ز)[١] پرۆسەیەکی دیل بەدیل گۆڕینەوەی نێوان موسلمانان و خاچدروشمەکان ئەنجامدرا, تیایدا لەسەر داواکاری سەرکردەی خاچدروشمەکان (سەلاحەددین) چەند سەرکردەیەکی خاچدروشمی ئازادکرد, ئەمەش لە بەرانبەر چاکەیەک بووە کە خاچدروشمەکان دیلەکانی موسڵمانانیان ئازادکرد (بني عبدالرحمن, ١٩٩٧م, ١٣٠), لە هەمان ساڵدا یەکێکی تر لە سەرکردەی خاچدروشمەکان بە ناوی (ڕیمۆندی سێیەم) کە خاوەنی قەڵای (طرابلس) بوو, بۆ ماوەی دە ساڵ بوو پێش هاتنی (سەلاحەددین) دیل کرابوو, دواتر لە سەردەمی (سەلاحەددین) بەرانبەر بە هەزار دیلی موسڵمانان ئازادکرا (حسین, ٢٠٠٠م, ٤٧).

یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی (سەلاحەددین) و سوپای موسڵمانان (عیسی الهکاری)ە[٢] بەشداری کردووە لە چەسپاندنی دەسەڵاتی (سەلاحەدین) لە (مصر) و وڵاتی شام, لە

ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان سوپای موسڵمانان و خاچدروشمەکان ڕۆڵێکی کارای هەبوو و لە سەرچاوەکان تۆمار کراوە, دوای ئەوەی (سەلاحەددین) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچدروشمەکان ئامادەکاری کردووە, لەساڵی (٥٧٣ک/١١٧٧ز) لە (عسقلان)[٣] دەستی کرد بە هێرش بردن بۆ سەریان, سەرەنجام دەوروبەری (عسقلان)ی هەموو سوتاند و ژمارەیەکی زۆریشی لێ کوشتن و بەدیلگرتن, دواتر بە هۆی سەرقاڵبوونی سوپای موسڵمانان بە کۆکردنەوەی دەسکەوتەکانی جەنگ و بڵاوبوونەوەی سەربازە موسڵمانەکان بە چەند گوند و شوێنێکی دەوروبەریان, (سەلاحەددین) بەخۆی و چەند سەربازێکی کەم مانەوە, خاچدروشمەکانیش ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و هێرشیان بۆ سەر موسڵمانان دەستپێکرد و شپرزەیان کردن, سەرنجام سوپای موسڵمانان دووچاری زیانێکی زۆری شەڕ بوونەوە و چەند سەربازێکیان لێ کوژرا و ژمارەیەکیشیان لێ بەدیلگیران و کەوتنە دەست سوپای خاچدروشمەکان, لە بەدیلگیراوەکانی موسڵمانانیش زانای گەورەی فقیھ (عیسی الهکار) بوو کە کوشتارێکی زۆری لە خاچدروشمەکان ئەنجامداوە (البنداری, ١٩٧٩م, ١٣٠؛ الصلابی,٢٠٠٨ز, ٣٧٧-٣٧٨؛ الزيدي, ٢٠١٢م, ٣٩ وشاح و ابو ريدة, ٢٠١٨م, ٦).

عیسی الهکاري لە لای (سەلاحەددین)ڕێزدار بووە, بۆیە (سەلاحەددین) هەوڵیداوە بۆ ئازادکردنی ناوبراو بەرانبەر بە ئازادکردنی ئەندامانی گروپی (الداوية)[٤] و الاسبتارية)[٥]ی خاچدروشمەکان کە بەدیلی گرتبونی, (نقلي, ٢٠٠٢م, ١٢٥؛ الصلابی,٢٠٠٨ز, ٣٧٨).

بە تێڕوانینی توێژەر کەسایەتیی (عیسی الهکاری) لە لای (سەلاحەددین) و موسڵمانان جێگای گرنگیپێدان بوو لەو سەردەمدا, چونکە هێزێکی زۆری بە سوپای موسڵمانان بەرانبەر بە خاچدروشمەکان بەخشیوە, بۆیە کاتێک داوای ئازادکردنی دەکرێت, خاچدروشمەکان لە

بەرانبەر ئازادکردنی، داوای ئازادکردنی هەندێک لە ئەندامانی گروپەکانی (الداوية) لە (سەلاحەددین) دەکەن، چونکە کاتێک ئەندامانی ئەم گروپە دەستگیردەکران بە ئاسانی ئازاد نەدەکران، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە ملیان دەدرا و ڕایان نەدەگرتن.

ئەوەی جێگای تێبینییە ئەوەیە، مەرج نییە هەرکاتێک ڕێککەوتن بکرابایە لەسەر دیل بە دیل گۆڕینەوەی نێوان موسڵمانان و خاچدروشمەکان هەموو جار سەرکەوتوو ببوایە، ئەوەتا لە ساڵی (٥٧٥ک/١١٧٩ز)، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەک سەرکردەیەکی خاچدروشمەکان بە ناوی (اودوف سانت اماند) بەدیلگیرا و موسڵمانان ویستیان لە بەرانبەر ئازادکردنی سەرکردەیەکی موسڵمانی خۆیان ئازادی بکەن و دیل بە دیل گۆڕینەوەی پێ بکەن، بەڵام ئەو سەرکردە خاچیە ڕەتی کردەوە چونکە نەیدەویست کەس بەرانبەر ئەوبێت لە بەها و نرخدا، واتە خۆی پێ ئەولاتر بوو لە هەموو کەسێک، بۆیە تاوەکو مرد هەر بە دیلی لە زیندان مایەوە (عمران، ٢٠٠٠م، ١٢٣).

جۆرێکی تر لە گۆڕینەوەی دیل بەد یل بریتی بوو لە گۆڕینەوەی تەرمی دیلی مردوو بە دیلی زیندوو، ئەوەتا هەروەکو کاتێک سەرکردەیەکی خاچدروشمەکان بە ناوی (أود) بەدیلی دەکەوێتە دەست (سەلاحەددین)، بۆی ڕێک ناکەوێت لە دیلی ئازاد ببێت و لە زیندان مرد، دواتر لاشەکەی لە بەرانبەر هەزار دیلی موسوڵماندا درایەوە دەست کەس و کاری. (البنداري، ١٩٧٩م، ١٧٥ ؛السعداوی،١٩٥٦م، ٨٢).

لە ڕووداوێکی تردا لە ڕووبەڕوونەوەی سەلاحەددین و خاچدروشمەکان، چەند سەرکردەیەکی ناودار لە خاچدروشمەکان بەدیلدەگیرێن، لە ڕێگای ئازادکردنی ئەوانەوە چەندەها سەرکردەی موسڵمانان ئازاد دەکرێن کە لەلای خاچدروشمەکان دیل کرابوون، هەروەها لە دوای شەڕی (أرسوف)،[٦] ساڵی (٥٨٧ک/١١٩١ز)، (ریتشارد

قلب الأسد)[٧] بۆ ڕاوکردن دەردەچێت، (سەلاحەددین)یش کەمینێکی بۆ دانابوو (السعداوی,١٩٥٦م, ٥٧), ئەگەر یەکێک لە فەرماندە تایبەتییە فەڕەنسییەکانی نەبووایە، (ریتشارد)، خەریک بوو بە دیل بگیرێت، ئەم فەرماندە فەڕەنسییە، بە جل و بەرگە شاهانەییەکەی هاواری کرد و گوتی ((منم پاشاکە، ژیانم ڕزگار بکەن))(الاصفهانی, ٢٠٠٤م, ٥٥٢). موسولمانانیش فێڵیان لێکرا و ئەویان قۆڵ بەست کرد، وایان زانی (ریتشارد)ە، کەچی ئەو نەبوو، دواتر بۆ لای (سەلاحەددین)یان برد و ئەویش بۆ زیندانی دیمشق ناردی، لەوایدا مایەوە تاکو (سەلاحەددین) لە پڕۆسەیەکی دیل گۆڕینەوەدا، بەرانبەر بە دە پاشای موسوڵمانان ئازادیکرد (الاصفهاني,٢٠٠٤م, ٥٥٢؛ عمران, ٢٠٠٠م, ١٢٣؛ الصلابی,٢٠٠٨ز, ٤٣٥؛ السعداوی,١٩٥٦م, ٥٨).

**باسی دووەم: هۆکار و ئامرازی ماڵ و دارایی:** پارە و سامان بەیەکەوە هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە بۆ بەهێزکردنی وڵات, موسڵمانەکان لە ڕێگای ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان ئەو پارەیەیان بەدەستهێناوە.

ئازادکردنی دیلەکان لە ڕێگای (فیدیە_ ڕزگارانە)[٨] دان دیاردەیەکی باو بووە, نەک تەنها لە سەردەمی سەلاحەددین, بەڵکو لەپێش ئەو و پێش ئەوانەی هاوسەردەمیشی بوون, لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی سەلاحەددین و لە ساڵی (٥٦٩ک/١١٧٣ز)دا، خاچدروشمەکان هەڵمەتیان هێنایە سەر شاری (بانیاس)[٩]، ئەو پاشا و سەرکردە موسوڵمانانەش کە لەوێ بوون، لەسەر بڕێک سامان ئاشتەوایی ڕێککەوتنیان لەگەڵ خاچدروشمەکان کرد و نەرمییان بەرانبەریان نواند، بڕێک پارە و سەروەت و سامانیان لێ وەرگرتن (ابن واصل,١٩٥٧م, ٧/٢ ؛الذهبی,العبر,١٩٨٥م, ٥٥/٣), دواتر خاچدروشمەکان ئەو دیلانەشیان کە لای موسڵمانان بوون ئازادکران، بڕیاری ئارامی و شەڕنەکردنیشیان لە نێوان درا، موسڵمانەکانیش چەند

دیلێکی خاچدروشمەکانیان ئازادکرد، (سەلاحەددین)یش نێردراوی ناردە لای موسڵمانەکانی (بانیاس) و گلەیی و گازاندەی لێ کردن و سەرکۆنەی ئەو کارەیانی کرد (ابن واصل,١٩٥٧م, ٧/٢ ؛الذهبی,العبر,١٩٨٥م, ٥٥/٣؛ أسیا و مریم, ٢٠١٨م, ٥٦).

سەبارەت بە پاشای خاچدروشمەکان (ڕیموندی سێیەم) لە ساڵی (٥٧٠ک/١١٧٤ز), جگە لەوەی بەرانبەر بە ئازادکردنەکەی ژمارەیەک دیلی موسڵمانان ئازادکراوە, لەهەمان کاتیشدا هەر لەگەڵ ئازادکردنی ئەو ژمارە دیلەی موسڵمانان بڕی سەدوپەنجا هەزار دیناریشی وەک (فیدیە) داوە بەرانبەر بە ئازادکرنی و خۆکڕینەوەی (حسین, ٢٠٠٠م, ٤٩).

سەلاحەددین جگە لەوەی لە بەرانبەر ئازادکردنی (عیسی الهکاری) چەند گەورە سەرکردەی خاچدروشمەکان ئازاد دەکات, بڕی شەست هەزار دیناریشیان پێ دەدات, ئەمەش دوای دوو ساڵ دیلکردنی (البنداری, ١٩٧٩م, ١٣٠؛الصلابی,٢٠٠٨ز, ٣٧٧-٣٧٨).

دوای ئەوەی (سەلاحەددین) لە نزیک (بانیاس) دەستی بەسەر قەلاییێکی خاچدروشمەکان داگرت, هەر لەو شوێنە خاچدروشمەکان دووچاری شکست دەبن و هەر یەکە لە پاشای (الرملة[١٠]، نابلس[١١] و طبریة)[١٢] و برای پاشای (جبیل)[١٣] و ڕابەرانی (داویة والاسبتاریة) بەدیل دەکەونە دەست (سەلاحەددین)، دواتر پاشای (الرملة) بە سەدوپەنجا هەزار دینار خۆی کڕیەوە و لە دیلی ڕزگاری بوو (ابن خلدون, ٢٠٠٠م, ٣٤٣/٥ ؛المقریزي, ١٩٥٦م, ٦٨/١).

لە ساڵی (٥٧٥ک /١١٧٩ز)، هەر لە دەوروبەری (بانیاس) ژمارەیەک لە خاچدروشمەکان لە لایەن (سەلاحەددین) بەدیلگیران, ئەوانیش سەرکردەی (داویة والاسبتاریة)کان بوون, هەڵسان بە خۆکڕینەوەیان

بەرانبەر بڕێکی زۆر لە پارە و خۆیان لە دیلی ئازادکرد (الذهبی,العبر,١٩٨٥م, ٦٨/٣).

لە ساڵی (٥٧٥ک/١١٧٩ز) و لە شەڕی (مرج العیون)[١٤]دا, (سەلاحەددین) بە هۆی شوانێکەوە توانیی شوێنی خاچدروشمەکان بزانێت، ئەوە بوو بۆیان چووە پێشەوە و شەڕ ڕوویدا و شەڕەکە بە سەرکەوتنی موسوڵمانان کۆتاییهات و دوسەد و حەفتا کەسی خاچدروشمەکان و چەندین سەرکردە و پاشایان بە دیل گیران, لەوانە (بادین کوڕی بالیان) کە بە بڕێک پارە خۆی ئازاد کرد و لە دیلایەتی ڕزگاری بوو. (سەلاحەددین) شالاوێکی کردە سەر هەندێک لە هێزە خاچدروشمەکان لە دەروازەی ڕووباری ئوردن, ئەوەبوو چەندەها سەربازی لێ بەدیلگرتن, لە نیوانیاندا هەندێک لە سەرکردەی خاچدروشمەکان هەبوون و کەس و کاریان ناچاربوون نەک تەنها (فیدیە) بدەن, بەڵکو ئامادەبوون سەدەها دیلی موسڵمانەکان ئازاد بکەن لە بەرانبەر ئازادکردنیان, هەر لە درێژەی شەڕی (مرج العیون), سەرکردەی خاچدروشمەکان هەریەکە لە خاوەنی قەلای (طرابلس, الرملة و طبرية) لە ساڵی (٥٧٥ک/١١٧٩ز) لە دەوروبەری ڕووباری ئوردن و لە جەنگی (مرج العیون) کە ناچار بوون پارەیەکی زۆر بدەن بۆ ئازادکردنیان, بەهەمان شێوە لە هەمان ساڵ و لە شەڕی (صفد)[١٥] چەندین سەرکردەی خاچدروشمەکان بەدیلیگیران و خۆیان بە چەندین پارچە زێڕی گەورە کڕییەوە, (ابن واصل,١٩٥٧م, ٢٠٧/٢ ؛الذهبی,التاریخ,١٩٩٦م, ٣٢: البیومی, ١٩٩٨م, ١١١؛ عمران, ٢٠٠٠م, ١٢٣؛ دعکور, ٢٠١٠م, ١٦٩).

هەریەکە لە (بالیان ابن بارزان) و (ابن القومصية), ئەوەی یەکەمیان لە دوای ساڵێک لە دیلی، خۆی بە سەد و پەنجا هەزار دیناری (صورية_وێنەدار)[١٦] کڕییەوە و ئەوەی تریان, دایکی بە پەنجا و پێنج هەزار دیناری (صورية) لە دیلی کڕییەوە و ئازادیکرد(المنصور, ١٩٨١م, ١٧ ؛البنداري, ١٩٧٩م, ١٦٦ ؛ابوشامة, ١٩٩٧م, ٢٩/٣).

شاژنە (سبیلا)[١٧] شاژنە شازادەی خاچدروشمەکان بوو، کەوتبووە داوی خۆشەویستیی (بلدوین) و دواتر (بلدوین) لە شەڕی (مرج العیون) بەدیلگیرا، لە ماوەی دیلکردن و زیندانییەکەیدا، (سبیلا) نامەی بۆ دەنارد و خۆشەویستیی خۆی بۆ دووپات دەکردەوە، بەڵام دوای ئەوەی (فیدیە)یەکی زۆری دا و لە دیلی ئازادکرا، بە ساردییەوە پێی گوت: ((ئەو و سبیلا ناتوانن هاوسەرگیری بکەن, ئەو هێشتا قەرزارە لەبەرئەوەی (فیدیە)یەکی زۆری داوە بۆ ئازادکردنەکەی لە دیلی و خۆکڕنەوەکەی)), سەرەنجام (سبیلا) لە ساڵی (٥٧٦ک/١١٨٠ز) لە پیاوێکی دیکە مارەکرا (رنسیمان, ١٩٥٢م, ٤٨١/٢؛ علوان, ١٩٧٥م, ٧٦_٧٧ و١١٧)).

لە دوای شەڕی (حطین)ی ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز)، (سەلاحەددین) گەمارۆی شاری (قودس)یدا، دوای ئەوەی کە شەڕێکی قورس و گران بە (مەنجەنیق)[١٨] و ئەسپسوار لە نێوان موسوڵمانان و خاچدروشمەکان ڕوویدا، خاچدروشمەکان بینیان بەرگەگرتنی شەڕێکی درێژخایەنی ئەوها شتێکی قورس و ئەستەمە، بۆیە بە باشیان زانی کەوا داوای پاراستن لە (سەلاحەددین) بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش، کۆمەڵێک لە پیاوماقولانی خۆیانیان ناردە لای سەلاحەددین، ئەویش ڕازینەبوو، زۆر سوور بوو لەسەر ئازادکردنی شارەکە بە شمشێر، وەک چۆن خاچدروشمەکان لە سەرەتای داگیرکردنیاندا بە شمشێر خوێنێکی زۆری خەڵکەکەیان ڕێشت بوو (ابن الاثیر, ٢٠٠٣م, ١٥٦/١٠؛ابن شداد, ١٩٧٩م, ١٠٩؛ ابوشامة, ١٩٩٧م, ٣٤١/٣؛ الذهبی, تاریخ, ١٩٩٦م, ٤٦ ؛ ابن واصل, ١٩٥٧م, ٢١٤/٢ ؛النويري, ٢٠٠٤م, ٢٨_٢٩ /٢٧٠ ؛ وهبة, ١٩٩٧م, ٣٨).

لە ئەنجامی ئەو گەمارۆیەی سەر(قودس)یش خەڵکەکەی ناوی بوون بەدیل و ڕێگای دەرچوونیان نەما, سەبارەت بە ئازادکردنی ئەو خەڵکانەش لە لایەن (سەلاحەددین), گەیشتنە ڕێکەوتنێک کە بەرانبەر بە پارە ئازادبکرێن، ئەمەش دوای ئەوە هات سەلاحەددین ڕاوێژی لەگەڵ هاوەلانی کرد، ئەوانیش پێشنیازیان بۆ کرد کە: ئەوەی ڕاست و پەسندە

ئەوەیە کە بیانکەین بە دیلی خۆمان، دواتر خۆیانیان بە خۆیان بفرۆشینەوە، بەم باج و سەرانە و جزیەیەشەوە گەورە و بچووکیان ملکەچ بکەین. ئەوە بوو کە لەگەڵ (بالیان ابن بارزان) و گەورە و پاشاکانی تری شارەکە ڕێککەوتن کرا بەوەی کە بۆ ماوەی چل ڕۆژ شارەکە چۆڵ بکەن و چی ئەتوانن لەگەڵ خۆیان ببەن، بە مەرجێک هەر پیاوێک دە دینار ئافرەتیش پێنج دینار، هەر منداڵێکی کوڕ و کچیش دوو دینار بدات، نزیکەی سەد هەزار دینار بەم باج و سەرانەیە بۆ (بیت المال) کۆبووەوە، لە کاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زیاتر لە سەد هەزار کەس بوون, ئەوەی کە پارەکەش نەدات، بە دیل دەگیرێت و دەمێنێتەوە (ابن الاثیر, ٢٠٠٣م, ١٥٦/١٠؛ابن شداد, ١٩٧٩م, ١٠٩؛ ابوشامة, ١٩٩٧م, ٣٤١/٣). هاوکات لە کاتی ئازادکردنی (قودس), کەسانێکی یەکجار زۆر ئامادەبوون لە سۆفی و زانایان کە لە (مصر) و (شام)ەوە هاتبوون بۆ بینینی ئازادکردنی شاری (قودس) و دیلەکانی ئەو شارە لەلایەن (سەلاحەددین)ەوە (ابن الوردی, ١٩٩٦م, ٩٥/٢).

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی سەرچاوە ڕەسەنەکان باس لە (فیدیە)یی منداڵە دیلەکانی شاری (قودس) بە دوو دینار دەکەن, بەڵام قسەیەکی تر هەیە باس لە یەک دینار دەکات (ابن شداد, ١٩٧٩م, ١٠٩؛ وهبة, ١٩٩٧م, ٣٨).

بە تێڕوانینی توێژەر دوو دینار ڕاسترە لە یەک دینار بۆ (فیدیە)ی منداڵەکان, ئەمەش بە پشتبەستن بە سەرچاوە ڕەسەنەکان, چونکە زۆربەیان باس لە دوو دینار دەکەن.

ژمارەی هەموو ئەو دیلانەی دەبوایە (فیدیە) بدەن لە (قودس)، ژمارەیان شەست هەزار کەس دەبوو (الذهبی, تاریخ, ١٩٩٦م, ٢٥ ؛ المقریزي, ١٩٥٦م, ٩٦/١), قسەی جیاوازیش هەیە سەبارەت بە خەملاندنی ژمارەی ئەو کەسانەی دەبوون بە دیل لە کاتی بەدەستەوە دانی شاری (قودس) بە

بێ شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە، کە سێ هەزار کەسن (ابن شداد, ١٩٧٩م, ١٠٩).

بەهەمان شێوە لێرەشدا جیاوازییەکی زۆر لە ژمارەکاندا هەیە, گونجاو نییە لەو سەردەمەدا شەست هەزار کەس بەدیلی بگیرێت, بۆیە سێ هەزارەکە بە ڕاستتر دەزانین.

لەم (فیدیە)یەشدا، دەوڵەمەند و هەژار وەکو یەک یەکسانن، لەو کاتەدا، (بالیان ابن بارزان) لە جیاتی دیلە هەژار و کەم دەرامەتەکان سی هەزار دیناری داوە بۆ دیلە خاچدروشمەکان و ئازادکردنیان, (ابن واصل,١٩٥٧م, ٢١٥/٢ ؛النویری, ٢٠٠٤م, ٢٨_٢٧١/٢٩ ؛ابو الفداء, ١٩٩٩م, ٩٣/٣), زیاد لەوەش هەژدە هەزار پیاوی لە دیلی ئازاد کرد، شازدە هەزار دیلیش مابوویەوە، ئەوانیش پیاو و ئافرەت و منداڵ بوون, هەروەها پاشا (هنری دووەم) لەجیاتی حەوت هەزار دیلی هەژاری خاچدروشم (فیدیە)ی داوە بۆ ئازادکردنیان (ابن واصل,١٩٥٧م, ٢١٥/٢ ؛النویری, ٢٠٠٤م, ٢٨_٢٧١/٢٩ ؛ابو الفداء, ١٩٩٩م, ٩٣/٣؛ عمران, ٢٠٠٠م, ١٤١), دواتریش بەهۆی دەستتێوەردان و بەرتیل وەرگرتن لەلایەن چەند پاشا و سەرکردەیەکی (سەلاحەددین)، وای لێ هات بڕی پارەکە لە چاو ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زۆر کەمتر بێت (ابو شامة, ١٩٩٧, ٣٤١/٣), ئەم جۆرە پێکهاتنەی (سەلاحەددین) لەگەڵ (بالیان ابن بارزان) بۆ ڕادەستکردنی شاری (قودس) لە لایەن خاچدروشمەکان بەرانبەر بە وەرگرتنی (فیدیە) لە پیاو و ژن و منداڵەکانیان بۆ ئازادکردنیان لە دیلی بە گریمانەیی و مەزەندەکراو ناودەبردرا (ابن الاثیر, ٢٠٠٣م, ١٥٦/١٠).

**باسی سێیەم: ئازادکردنی پاشا و سەرکردەی دیلەکان لە بەرانبەر بەدەستەوەدانی شار و قەڵا و شووراکانیان:** سەڵاحەددین چەندین شێوازی جۆراوجۆری لە بەرانبەر ئازادکردنی دیلەکانی لایەنی بەرانبەر بەکارهێناوە, جگە لە ئازادکردنی دیل بە دیل گۆڕینەوە و وەرگرتنی پارە

له بەرانبەر ئازادکردیان, توانیویەتی چەندین قەڵا و شار و شووراکانیان وەدەستبهێنێت, هەمیشەش ڕاستگۆ بووە بەرانبەر بەو ڕێککەوتنانەی لەو بوارانەدا ئەنجامی دەدان.

له یەکێک له ڕووداوەکاندا, له ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز)، (سەلاحەددین) بەرەو (صیدا)[١٩] بەڕێکەوت، و شاری (صیدا)شی ئازادکرد، دوای ئەوەی پاشای شارەکە پێش گەیشتنی (سەلاحەددین)، شارەکەی چۆڵ کردبوو، بەڵام شاری (جبیل)، پێش ئەوەی له لایەن سەلاحەددینەوە ئازادبکرێت، پاشای (جبیل) به دیل گیرا، ئینجا پاشا دیلکراوەکە بۆ شاری (دیمشق) گوازرایەوە دواتر پاشای (جبیل)، داوای کرد له بەرانبەر به دەستەوەدانی شارەکە ئازادبکرێ له دیلی، ئینجا به کۆت و زنجیرەوە له بەردەم (سەلاحەددین) ئامادە کرا، ئەویش شاری (جبیل)ی دایە دەست (سەلاحەددین) و دیلە موسوڵمانەکانی ئازادکردن و سەلاحەددینیش ئەوی ئازادکرد (ابن واصل, ١٩٥٧, ٢٠٧/٢ ؛النویری, ٢٠٠٤م, ٢٨_٢٦٩/٢٩).

له هەمان ساڵ (سەلاحەددین) لەگەڵ شاژنە ئەمیرەیێکی خاچدروشمەکان کە ناوی (الیدی ستیفانی) بوو له (قودس) ڕێککەوت, ئەو شاژنە کوڕێکی دیل کرابوو کە له شووی پێشووتری بوو, به شێوەیەک ڕێککەوتن کرا (سەلاحەددین) کوڕە دیل کراوەکەی ئازادبکات له بەرانبەر بەدەستەوەدانی شاری (الکرک)[٢٠]و (شوبک)[٢١] به موسڵمانان، بەڵام دانیشتوانی شارەکە به گوێی شاژنەکەیان نەکرد و داواکەیان ڕەتکردەوە، ئەوەبوو شاژنی ناوبراو کوڕەکەی گەڕاندەوە لای (سەلاحەددین) بۆ دیلی, بەڵام (سەلاحەددین) لەبەر جوانیی هەڵوێستی شاژنە ئەمیرەکە کە ڕێککەوتنی لەگەڵدا کردبوو، کوڕەکەی و سەروەت و سامانەکەی و هەندێکیش له ناسیاو و نزیکەکانی  پێی دانەوە و ئازادکردن (ابن الاثیر, ٢٠٠٣م, ١٥٧/١٠؛عمران, ٢٠٠٠م, ١٤٢).

زۆرجار (سەلاحەددین) پاشا و سەرکردە سوارچاکە بەدیلگیراوەکانی خاچدروشمانی لە بەرانبەر ئازادکردنی قەلاکان بەکاردەهێنا, لە یەکێک لە هەڵوێستەکانی, ئەوەبوو بە خۆی و دوو لە دیلە هەرە بەناوبانگ و گەورەکانی خاچدروشمەکان، لە پێش شاری(عسقلان)ەوە دەرکەوت، کە بریتی بوون لە پاشا (جەواو) و (جیرارد)، کە نرخی ئازادکردنەکەیان، بریتی بوو لە بەدەستەوەدانی شاری (عسقلان)، کاتێک کە گەیشتە بەردەم شوورای شارەکە، وتارێکی بۆ دانیشتوانەکەی دا و داوای لێ کردن کە دەست لە کاری بەرگریکردن هەڵبگرن، هەروەها (جیرارد)یش بە هەمان شێوەی کرد، بەلام دانیشتوانی شارەکە بە گاڵتەپێکردن و سووکایەتی وەلامیاندانەوە، ئەوە بوو بەرگریکردن لە شاری (عسقلان)، بەرگری کردنێکی توند بوو، (سەلاحەددین) لەو گەمارۆیەدا دوو لە سەرکردەکانی خۆی لەدەستدان، بەلام دواتر هێزی بەرگریکار لە قەلاکە ناچار کران بەوەی کە خۆیان بەدەستەوەبدەن، دواتر ڕێگە بە دیلەکان درا بە هەموو کەل و پەل و شتومەکێکیانەوە لە شارەکە بڕۆنە دەرەوە، هەروەها پاسەوانانی (سەلاحەددین)ش پاسەوانیان دەکردن تاکو گەیشتن بە (الاسکندریة) و لەوێشدا لە شوێنێ گونجاو حەسانەوە و نیشتەجیکران، بۆ ئەوەی دواتر بەرەو شوێنەکانی خۆیان ڕەوانە بکرێنەوە (رنسیمان, ١٩٥٢م, ٥٢٠/٢؛ رمضان, ١٩٨٣م, ٩١_٩٣؛ ماجد, ١٩٨٧م, ١١٥؛ حمود, ٢٠١٠م, ٥٧).

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرەنجە ئەوەیە, مەرج نییە کاتێک پاشا یان سەرکردەی قەلا و شارێک ڕێککەوتنی لەگەڵ (سەلاحەددین) دەکرد بە مەبەستی ئازادکردنی دیلەکان لە بەرانبەر بە دەستەوەدانی قەلا و شورا و شارەکانیان بگەیشتبا بە ئەنجام, بەڵکو هەندێک جار دانیشتووانی ئەو ناوچانەی ئاماژەیان پێ دراوە ڕەتی ئەو ڕێککەوتنامەیان دەکردەو و ڕازی نەدەبوون شوێنەکانیان بەدەستەوە بدەن, لەو کاتەشدا (سەلاحەددین) هەڵوێستی وەردەگرت و زۆر جار بە ڕێککەوتنی هەژمار دەکرد بۆ سەرکردە و پاشاکانیان و دیلەکانی بۆ ئازاددەکردن.

هەرچی شاری (غزة)شە، ئەوا یاسا و ڕێنمایی (الاسبتارية)كان وا دەخوازێ كەوا گوێڕایەڵیی گەورەی خۆیان بكەن، ئەوەبوو هێزی بەرگریكاری شارەكە، زوو ناچار كرا شارەكە بدەن بەدەستی سوپای (سەلاحەددین)، ئیتر لە بری بەدەستەوەدانی قەڵاكە، (جیراڕد)ی گەورە لە دیلی ڕزگاری بوو (رنسيمان, ١٩٥٢م, ٥٢٠/٢؛ رمضان, ١٩٨٣م, ٩١_٩٣).

سەرەڕای ئەوەی شتێكی باوەڕ پێ نەكراو بوو موسوڵمانان و خاچدروشمەكان بگەنە ڕێكەوتنێك، بەڵام (سەلاحەددین) نیاز پاكیی خۆی بۆ ئەم كارە هەر نیشاندەدا، ئەویش بەوەی هەندێك لە ناودارترین دیلە خاچدروشمەكانی لای خۆی ئازادكردن، ئەمەش بە مەبەستی دروستكردنی متمانە بۆ ڕێككەوتن، هەروەها خوو و ڕەوشتی سروشتیشی وا بوو كە ئەمیر و سەركردە و گەورەكانی خاچدروشمەكانی باوەڕ پێ بهێنێت بەوەی كە ئەو قەڵایانەی ژێر دەستی خۆیانیان بدەن بە دەستەوە، لە بەرانبەریشدا ئەو ئازادیان بكات، ئەمەشیان ئامرازێك بوو تاكو چەندین قەڵای دەست بكەون و بەبێ شەڕ ئازادیان بكات، تەنانەت بیرتیژیی (سەلاحەددین) زۆر لەمەش زیاتر دوور ڕۆیشت، ئەوەبوو كاتێك كە (الليدى ستيفان)ی شازادەی ناوچەی (الاردن) شكستی هێنا لەوەی كە هەردوو هێزی بەرگریكاری (الكرك و شوبك) ڕازی بكات كە قەڵاكانیان بدەنە دەست (سەلاحەددین) لە بەرانبەر ئازادكردنی كوڕەكەی خۆی (همفرى أوف طورون)، (سەلاحەددین) كوڕەكەی بۆ ئەو ئافرەتە ئازادكرد، تەنانەت پێش ئەوەیش كە بە هێز دەست بەسەر دوو قەڵا سەختەكەدا بگرێت، قەڵا و شاری (عسقلان)یش نرخی ئازادكردنی پاشا (جوی)بوو، بەڵام دانیشتووانی شارەكە شەرمیان لە خۆویستیی پاشاكەیان كردەوە و ڕەتیان كردەوە ڕێز لە ڕێككەوتنی نێوان (سەلاحەددین) و پاشاكەیان بگرن، بەڵام ئێستا وا (عسقلان) كەوت، لێرەشدا دیسانەوە شاژنە (سبيلا) پیاوەكەی كە (جۆی) بوو دیل كرابوو, لەبەر ئەوەش شاژنە (سبيلا) چەندین جار نامەی بۆ (سەلاحەددین)

دەنووسی و تکا و پاڕانەوەی لێ دەکرد مێردەکەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەوەبوو (سەلاحەددین) بە ڕازیبوون وەڵامی شاژنە (سبيلا)ی دایەوە، ئەمەش لە دوای ئەوەی پاشا (جوی) بەهێزترین سوێندی خوارد کەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێیەوە هاتووە و تاکو ماویشە چەک لە ڕووی موسوڵمانان بەرزناکاتەوە، ئەوەبوو ئازادکرا و لەگەڵ دە لە هاوڕێیانی بۆ شاری (طرابلس) نێردرا تاکو بگاتەوە بە شاژنی خێزانی. لە هەمان کاتیشدا ڕێگە بە (مرکیز مونتیفرات)ی بەساڵاچوو درا بچێت بۆ شاری (صور) و چاوی بە کوڕی خۆی بکەوێت (رنسيمان, ١٩٥٤م, ٥٤/٢_٥٥).

خاچدروشمەکان بەردەوامبوون لە ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنەکانی پاشاکانیان و (سەلاحەددین) بۆ بەدەستەوەدانی شار و قەڵاکانیان, هاوسەری (ارناط)[٢٢] پاشای (الکرک) هاتە لای (سەلاحەددین) و داوای ئازادکردنی کوڕە بەدیلگیراوەکەی لێ کرد، سەلاحەددینیش مەرجی بۆ ئازادکردنی دانا، ئەویش ئەوە بوو کە ئەو شاژنە بچێتە شاری (الکرک) و داوا لە خاچدروشمەکان بکات کە شاری (الکرک) تەسلیم بە موسوڵمانان بکەن، بەڵام خاچدروشمەکان ئەو داوایەی (سەلاحەددین)یان لە شاژنی (الکرک) ڕەتکردەوە (ابن خلدون, ٢٠٠٠م, ٣٦١/٥). کەواتە دەکرێ بوترێ, کە سەرەڕای ئەوەی ئەم جۆرە ئامراز و هۆکارەش بەکارهاتووە بۆ ئازادکردنی دیلەکان, بەڵام مەرج نەبووە هەموو جارێک سەرکەوتووبێت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەی.

**باسی چوارەم:- ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان بەهۆی پەیوەندیی سەلاحەددین لەگەڵ هەندێ لە سەرکردە و کەسایەتییەکانیان:** لەگەڵ ئەوەی (سەلاحەددین) چەندین دژبەر و ناکۆکی لە هێز و دەسەڵاتەکانی هاوسەردەمی خۆیدا هەبوون, بەڵام بە یەکێک لەو سەرکردە دیارانەش دادەندرێت کە پەیوەندی لەگەڵ هەندێک لە سەرکردە و پاشاکانیان باش بووە, زۆر جار ڕێزی لێ گرتوون و ئەو پەیوەندییە باشەی

ڕەچاوکردووە, قسەکانیشیان بەهەند وەرگرتوون, بەتایبەت لە کاتی ئازادکردنی دیلەکانیان بەبێ بەرانبەر ئازادی دەکردن تەنها لەبەر ڕێزگرتن لەو سەرکردانە.

پاشا (القومص)ی (طرابلس)، کە (ریموند کوڕی ریموند کوڕی صنجیل)بوو، شاژنە پاشای (طبرية) ی مارە کردبوو، ئینجا بار و بارخانەی خۆی گواستەوە و چوو لە ناوچەی خێزانی خۆی نیشتەجێ بوو، لەو کاتیش پاشای خاچدروشمەکان کە دووچاری نەخۆشییەکی پێست ببوو و لە (شام) مردبوو، وەسیەتی کردبوو کە لە دوای خۆی موڵک و دەسەڵاتەکەی بۆ کوڕە برای خۆی بێت، ئەم برازایەشی کە منداڵ بوو، (القومص)ی پاشای (طرابلس) سەرپەرشتیی دەکرد، بە ئومێدی ئەوەی کە لە دوای مردنی پاشا، موڵک و دەسەڵات بۆ خۆی بێت، دواتر ئەو منداڵە بچووکەش مرد و موڵکەکە بۆ باوکی بەجێمایەوە، بەمەش (القومص) لەو شتە بێ ئومێد بوو کە کاتی خۆی دڵی خۆی پێ خۆش کردبوو، پاشان ژنی پاشا کۆچ کردووەکەش مێردی بە (ابن الغتم) کرد کە یەکێک بوو لەو خاچدروشمانەی کە لە (المغرب)ەوە هاتبوون، ئەوەبوو ژنی پاشا ئەم (ابن الغتم)ەی کردە پاشا و هەرچی بەتڕیارک و قەشە و ڕاهب و (داوية و الاسبتارية) و باروونەیە کردنی بە شاهێدی ئەوەی کە موڵک و ماڵ و دەسەلاتی بدرێت بەو پیاوە کە مێردیەتی، پاشان داوا لە (القومص)ي (طرابلس) کرا کە باج و سەرانەی کاتی خۆی کە سەرپەرشتی منداڵەکەی برازای پاشای دەکرد بدات، ئەمیش ڕەتیکردەوە و هەڵگەڕایەوە نامە و پەیوەندیی لەگەڵ (سەڵاحەددین)دا گۆڕییەوە و چوو بۆ لای (سەڵاحەددین)، لە دوای خۆشی هەندێک لە خزمانی خۆی لە (طرابلس) بەجێهێشتن، دوای ئەوەی (القومص) (ابن واصل,١٩٥٧م, ١٨٥/٢؛ ابن خلدون, ٢٠٠٠م, ٣٥٦/٥), پەنای بردە ژێر سێبەری (سەڵاحەددین)، ئەوی داڵدەدا و پشتی بەهێز کرد و ئەو کەسانەشی کە بەدیلگیرابوون بۆی ئازادکردن،

بەمەش پشتی بە تەواوی بەهێزبوو کە ئەوەش لە بەرژەوەندیی موسڵمانان بوو (ابن خلدون, ٢٠٠٠م, ٣٤٣/٥).

لە دوای ئەوەی (سەلاحەددین) کۆمەڵێک لە دیلی (نصاری) لە بەر دڵی (قومص) کە لای خۆی زیندانی بوون ئازادکردن. ئەمیش زیاتر خۆی بەو پەیوەندییەی لەگەڵ (سەلاحەددین)دا هەڵدایەوە، ئەمەش دواتر بوو بە بەهانەییێک بۆ ئەوەی کە ئەو ناوچانەی داگیریان کردبوو ئازادبکرێن (ابن خلدون, ٢٠٠٠م, ٣٥٦/٥).

هەروەها چەند سەرکردەیەکی سوپای (سەلاحەددین) لەگەڵ هەندێک لە دانیشتوانی شاری (قودس)، وایان کرد کە بەشێک خاچدروشمەکان بەبێ ئاگاداری (سەلاحەددین) لە دیلی ئازادبکرێن و ڕزگاریان بێت، هەر لە پرۆسەی ئازادکردنی شاری (قودس)ەوە، کۆمەڵێک لە سەرکردەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا بەشێک لە دانیشتوانی شارەکە سەر بەو سەرکردانەن, بۆیە لەبەر ڕێزگرتن لەو سەرکردانە ئازاددەکران (ابن الاثیر, ٢٠٠٣م, ١٥٦/١٠).

هەروەها (سەلاحەددین ) لەبەر خواستی هەندێک لە سەرکردەکانی (نصاری) زۆرێک لە دیلە هەژارەکانی ئازادکرد و بە خودی خۆی پیاو و ئافرەتی بەساڵاچووی ئازاددەکرد (النویري, ٢٠٠٤م, ٢٨_٢٩ /٢٧١؛ رنسیمان, ١٩٥٢م, ٥٢٤/٢).

لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز), لەدوای ئازادکردنی (قودس) هەندێک لە ئافرەتە (نصاری)یەکان بۆ لای (سەلاحەددین) هاتن و داوایان کرد کاتێک پیاوەکانیان و باوک و کەس و کاریان بەدیلدەگیرێن, بۆ کوێ دەبردرێن چارەنووسیان چیە؟ (سەلاحەددین)یش بۆی ڕوونکردنەوە و بەڵێنی پێدان کە دیلەکانیان ئازادبکات، لە ماڵ و سامانی تایبەتیی خۆیەوە دیاری و هاوکاری بەخشییە ئافرەتە بێ باوک و دایک و بێوەژنەکان، هەر یەکێکیان

به گوێرەی باری گوزەرانی خۆی. سۆز و بەزەیی (سەلاحەددین) بە شێوەییێک زۆر بوو دەدرەوشایەوە (رنسیمان, ١٩٥٢م, ٥٢٤/٢؛ رمضان, ١٩٨٣م, ٤٩٥).

هەر سەبارەت بە ئازادکردنی شاری (قودس) و ((لە کاتی ئازادکردنی شاری (قودس) هەزاران کەس لە خەڵکی سیڤیل بەدیلیگیران، توانای ئەوەیان نەبوو باج و سەرانەی سەپاو بەسەریاندا بدەن، لە ئەنجامدا بوون بە دیل، (الملک العادل)[٢٣] داوای لە (سەلاحەددین) کرد، هەزار دیلی بداتە دەست تاکو لە پێناو خوادا ئازادیان بکات، ئەویش وەڵامی داواکەی دایەوە و قەبووڵی کرد، ئەوەبوو لەبەر دڵی براکەی لە دیلی ئازادیکردن، هەروەها بەترپیارکی (قودس) و پاشای خاچدروشم (باليان ابن بارزان)، هەمان ژمارەیان داوا کرد، (سەلاحەددین)یش هەزار دیلی تری پێدان و ئەوانیش لە دیلی ئازادکران)) (السعداوی,١٩٥٦م, ٦٩_٧٠؛ علي, ١٩٩٥م, ٥٦؛ طقوش, ٢٠١١م, ٤٨٤).

(سەلاحەددین) ژنە پاشاکەی قەڵای (البرزیه)[٢٤] ئازاددەکات، چونکە خوشکی شاژنی (الانطاکیه)[٢٥] بوو، ئەو شاژنەی لایەنگر و هاوپەیمانی سەلاحەددین بوو، ساڵی (٥٨٤ک/١١٨٨ز)، سەلاحەددین بە خۆی و چەندین سوارئەسپ و مەنجەنیق و کەل و پەلی جەنگی بەرەو چیای (البرزية) ڕۆیشت و لە هەموو لایەک گەمارۆی قەڵاکەیدا، ئەوە بوو لە ماوەی دوو ڕۆژدا سوپای سەلاحەددین توانی بچێتە ناو قەڵاکە، لەبەر ئەوەی ئەمجارەیان سەلاحەددین بەخۆی کارەکەی گرتبووە ئەستۆ و چەند هەنگاوێکی پێویستی گرتە بەر، داوای لە خەڵک کرد پاڵپشتی بکەن و خەڵکەکەش بەدەم بانگەوازییەکەیەوە چوون، هەموویان بە یەک دەنگ بەتەنگ داواکاریی سەلاحەددین چوون و بەرەو قەڵایەکە ڕۆیشتن، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، خەڵکی بەسەر قەڵایەکە سەرکەوتن و هێرشیان

کردە سەری، لە ئەنجامدا ئازادیان کرد و دەستیان بەسەر قەڵاکە داگرت(ابن شداد, ١٩٧٩م, ١٢٨).

ئەوە بوو دوای ئەوەی بە هێزی و گەورەیی هێزی موسڵمانانیان لە کاتی ئازادکردنی قەڵای (البرزیە) بینی, دەستبەجێ پاڕانەوە و داوای پاراستنی گیانی خۆیانیان کرد، چونکە هیچ شتک بە هانایانەوە نەهات و سوودی نەبوو بۆیان، هەرچی لەناویدا بوو دەست بەسەر کراو و بردیان، تەواوی کەسەکانیش بەدیلگیران، خەڵکێکی زۆری تێدابوو، دوای ئەوەی خەڵکەکەی داوای پاراستنیان لە سەلاحەددین کردبوو، سەلاحەددین هەر کاتێک داوای پاراستنی لێکرابووایە، هەرگیز ڕەتی نەدەکردەوە، دواتر سوپای موسڵمانان توانی بچێتە ناو قەڵای (البرزية) و هەر کەسێکی تێدا بوو بەدیلیگرتیان، لە نێوان دیلەکانیشدا، ئافرەتێک هەبوو و پاشای قەڵاکە و خوشکی ژنی پاشای (أالانطاکیە) بوو، ئەم ئافرەتەی پاشای (البرزية) لەگەڵ مێردەکەی و کچێکی و زاواکەیان و کۆمەڵێکی تریان بەدیلگیران، هەرچی ژنی پاشای (الانطاکیە) بوو لایەنگری سەلاحەددین بوو، سەلاحەددین دیاریی بۆ دەنارد و ئەویش زانیاری و نهێنیی خاچدروشمەکانی بە (سەلاحەددین) دەگوت، لە پاش ئازادکردنی قەڵاکە، خۆی و خزمەکانی کەوتنە دەست موسوڵمانان و بوون بە دیل، (سەلاحەددین) شوێنپێی هەڵگرتن و هەموویانی دۆزینەوە و پاشان لە بەر ژنی پاشاکە ئازادیکردن و بۆ (الانطاکیە)ی گەڕاندنەوە، ئەویش سوپاسی (سەلاحەددین) کرد و بەم جۆرەش پەیوەندی و سوود و بەرژەوەندی بۆ موسوڵمانان بەردەوام بوو (ابن الاثیر, ٢٠٠٣م, ١٨٦/١٠؛ ابو شامة, ١٩٩٧م, ٣٥/٤؛ ابن خلدون, ٢٠٠٠م, ٣٦٧/٥).

لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز) (سەلاحەددین) لە هەزاران کەسی دیلە خاچدروشمەکانی شاری (قودس) خۆش دەبێت کە پارە نەدەن, لە بەر ڕێزی سەرکردەیەکی سوپاکەی لێیان خۆش دەبێت و بێ بەلا دەبن، لە

هەمان کاتیشدا لەبەر ڕێزی سەرکردەی خاچدروشمەکانیش لە هەندێک لە سەرکردەی خاچدروشمەکان کە لە گروپی (الداویة) بوون خۆشدەبێت و لە دیلی ئازادیان دەکات. (سەلاحەددین) بەهۆی سەخاوەتی و لێ بوردەییەکەیەوە، هەر کەسێک بهاتایە لای و داوای بەخشینی بکردایە، یاخود پاشایەک بهاتایە لای داوای بکردایە کە سەرانە لە کۆمەڵێک خەڵک وەرنەگرێت، (سەلاحەددین) دەستبەجێ داواکەی قەبووڵ دەکرد (ابوشامة, ١٩٩٧م, ٣٤١/٣؛ ماجد, ١٩٨٧م, ١١٥).

**باسی پێنجەم: نواندنی بەزەیی و لێبوردەیی لە لایەن (سەلاحەددین)ەوە:** بەزەیی و لیبوردەیی, هۆکارێکی ترن بۆ ئازادکردنی دیلەکان, کەمە ئەو سەرکردانەی لە مێژوودا ناویان هاتووە و فەرمانڕەوای ناوچەیەکیان کردبێت و بەزەیی و لێبوردەییان هەبێت بەرانبەر بە نەیارەکانیان, بە تایبەت کاتێک لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا سەربازەکانی دەکەونە دەست, هەرچەندە (سەلاحەددین) زۆر جار بەرانبەر بە دیلەکان توند بووە, بەڵام زۆربەی کاتیش بەزەیی و لێبوردە بووە بەرانبەر بە دیلی بەرانبەرەکەی.

سەبارەت بەو سۆز و لێبوردەیی (سەلاحەددین) بەرانبەر بە دیلی خاچدروشمەکان هەیبووە لە ئازادکردنیان, (ابن شداد) باس لە دیمەنێک دەکات و دەڵێت: ((بینیم کە دیلێکی خاچدروشمەکان هێنرایە بەردەم (سەلاحەددین)، دیلەکە لێی ترسا و نیشانەی ترس و دڵەڕاوکێی پێوە دیاربوو، وەرگێڕەکە بە دیلەکەی گوت: ((لەچی دەترسی؟)) لە وەڵامدا گوتی: ((من پێش ئەوەی (سەلاحەددین) ببینم لە سیمای دەترسام، پاش ئەوەی بینیم و لەبەردەمی ئامادەبووم زانیم من هیچی لێ نابینم تەنیا چاکە نەبێ، سەلاحەددینیش ئازادیکرد))(١٩٧٩م, ٣٦؛ السعداوی,١٩٥٦م, ٨٠_٨١؛ علي, ١٩٩٥م, ٥٦).

له یەکێک لە ڕووداوەکان لە شاری (بیروت)ەوە چل و پێنج دیلی خاچدروشمەکانیان هێنانە لای (سەلاحەددین)، کە لە کەشتییەکانیان لە دەریادا بەدیلگیرابوون، (ابن شداد) زۆر بە وردی باس لە دیمەنی گفتوگۆی پیرەمێردێک و (سەلاحەددین) دەکات کە لەناو ئەو ژمارە دیلە دابووە, و دواتریش باس لە ئازادکردنی ئەو پیرە پیاوە دەکات، لە کاتێکدا (ابن شداد) خۆی لە دەرگا وەستاوە کاتێک ئەم گفتوگۆیە کراوە و گەواهی دەرە لەسەر ڕووداوەکە کە دەڵێت: ((لە نێوانیشیاندا پیاوێکی پیر هەبوو کە تەمەنی خۆی لە بێ باوەڕیدا بەسەربردبوو، پیری گورزی خۆی لێ وەشاندبوو و لاوازی کردبوو)) (الاصفهاني,٢٠٠٤م, ٢٤٨؛ ١٩٧٩م, ٢٤٢؛ ابو شامة, ١٩٩٧م, ٢٤٠/٤).

ئەم پیرەمێردە، بەهۆی ڕۆژگارەکانی تەمەنیەوە پشتی چەمابووەوە و دڵنیا نەبوو لەوەی کە مردنەکەی نزیک نەبووبێتەوە، لە ژیانیش بێئومێدببوو، لەزەت و تام و چێژی ژیانیشی پێ نەدەکرا, کە هێشتا لە ژیاندا مابوو، بە هۆی ئەو هەموو ساڵ و چەرخ و زەمانانەی تێیپەڕاندبوون، تەنها سام و هەیبەتی پیرییەکەی مابووەوە، (سەلاحەددین) سەری لەوە سوڕمابوو کە چۆن پیرەمێردێک بەم حاڵەوە لە وڵاتی دووری خۆیەوە دێت بۆ ئەو وڵاتەی کە بێگانەیە، پرسیاری لێکرد؟ ماوەی نێوان ئێرە و نیشتیمانی تۆ چەندە؟ و بۆ چیش هاتویەتە ئێرە؟ پیرەمێردەکە گوتی: چەند مانگە ڕێیەکە، بە مەبەستی زیارەت و حەجی کەنیسەی (القیامە)[٢٦] لە شاری (قودس)ەوە هاتووم (الاصفهاني, ٢٠٠٤م, ٢٤٩؛ابن شداد, ١٩٧٩م, ٢٤٢؛السعداوی,١٩٥٦م, ٦٢), چونکە سەلاحەددین باجی بەسەر هەر کەسێکی خاچدروشمدا سەپاندبوو ئەگەر بیەوێت سەردانی کەنیسەی (القیامة لە شاری (قودس) ) بکات (ابن شداد, ١٩٧٩م, ٢٤٢؛ المقریزي, ١٩٩٨, ٤٠٨/٣؛ حسێن,١٩٨٦م, ٢٢٦؛ الصلابی,٢٠٠٨ز, ٤٤٩).

به دیتنی ئەم دیمەنە دڵی پێی سوتایەوە و ئازادیکرد و منەتباری کرد، لە زەلیلی و دیلیی و کۆیلایەتییەوە بۆ سەربەرزیی ئازادیی دەریهێنا، بە سواری ئەسپێکەوە بۆ لای خاچدروشمەکانی گەڕاندەوە دوای ئەوەی کە بێهیوابوو لە دەرچوونی (خاچدروشمەکان) لە چادرگەکانیان، نە پێی باش بوو لە ناوی ببات نە بیکاتە دیل و کۆیلە، منداڵە بچووکەکانی داوایان لێ کرد کەوا ڕێگەیان بدات کە شمشێرەکانیان بە برینی دیلی بێ باوەڕان تاقیبکەنەوە، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە و ڕازی نەبوو، ئەوانیش هەموویان گوێڕایەڵی باوکیان کرد، بە سەلاحەددین گوترا: لەبەر چ هۆیەک لە پاداشتی تێکۆشان و جیهاد قەدەغەت کردن؟ وەڵامی دایەوە: بۆ ئەوەی کە هەر لە منداڵییەوە لە سەر خوێنڕشتن و کوشتنەوە ڕانەهێن, تەماشاکە لە ژێر ئەو قسەیەدا چەند سۆز و بەزەیی و کەڕامەت بەدیدەکرێت، بێگومان ئەوەش سۆز و بەزەیی موسڵمانان بەرانبەر بە مرۆڤایەتی دەردەخات, بێگومان (سەلاحەددین) زۆر دڵخۆش بوو بەو دیمەن و ڕووداوە (الاصفهاني, ٢٠٠٤م, ٢٤٩؛ ابن شداد, ١٩٧٩م, ٢٤٢؛ ابو شامة, ١٩٩٧م, ٢٤١/٤؛ السعداوي,١٩٥٦م, ٦٩).

به تێڕوانینی توێژەر, لە جوانترین ئەو هەڵوێستانەی کە باس لە مامەڵە و سۆز و بەزەیی و میهرەبانی (سەلاحەددین) لەگەڵ دیلەکان دەکەن، ئەوە بوو کە ڕەغبەتی یەکێک لە منداڵە بچووکەکانی ڕەتکردەوە کاتێک داوای کوشتنی دیلێکی خاچدروشمەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی لە دڵ و دەروونیاندا غەریزە و حەزی کوشتنی کەس شین نەبێت، هەرچەندە (سەلاحەددین) چەندین جار دیلی خاچدروشمەکانی ئازادکردوون، ئەوەش بەهۆی بوونی سۆز و بەزەیی و میهرەبانییەکەیەوە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ بارودۆخدا ئەو سۆز و میهرەبانییە و بەزەییەی بەکارنەهێناوە و کاریگەری نەبووە بەسەر دیلە خاچدروشمەکان, وەک ئەو نموونەیەی کە لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز) ڕوویداوە، دوای ئەوەی (سەلاحەددین) گەمارۆی شاری (قودس)یدا و شەڕێکی قورس ئەنجامدرا

و خاچدروشمەکان دڵنیابوون کە ناتوانن بەرگەی ئەم شەڕە سەختەبگرن, بۆیە وایان پێ باش بوو داوای پاراستنی ژیانیان لە (سەلاحەددین) و موسوڵمانان بکەن، ئەوەبوو هەندێک کەسایەتی و پیاوماقوڵی خۆیان ناردە لای سەلاحەددین، سەلاحەددینیش ڕەزامەندی دەرنەبڕی (ابن واصل,١٩٥٧م, ٢١٤/٢؛النويري, ٢٠٠٤م, ٢٨_٢٩ /٢٧٠ ؛ الاصفهاني ,٢٠٠٤م, ٩٣؛حسێن,١٩٨٦م, ٩٣؛ الصلابی,٢٠٠٨ز, ٢٧١).

لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز)و لە ڕۆژی پێنجەمی ئازادکردنی (قودس)دا، (نصاری) بە لای سەربازگەکەیدا ڕۆیشتن، لەو کاتەدا ئافرەتێک لەگەڵ هەندێک لە نزیکەکانیدا، کە کچ و ژنی کوژراو و دیلەکان بوون، بە گریانەوە و بە جلوبەرگێکی شڕ و ڕزیوەوە هاتن، (سەلاحەددین) داوایکرد کە چیان دەوێ؟ ئەوانیش وەلامیاندایەوە کە: هاتنەکەیان بۆ داواکردنی زەوی و زار و کەلوپەلێک نییە، بەڵکو هاتوون داوای پیاوەکانیان و برا و باب و ڕۆڵەکانیان بکەن کە لە لای موسڵمانان دیلکراون، (سەلاحەددین)ش داواکەیانی قەبوڵکرد و کاری باشی لەگەڵ کردن، هەروەها ماڵی بەخشییەوە بەسەر هەژار و بێ دایک و باوکەکانیان، سەلاحەددین لە ماڵ و موڵکی تایبەتی خۆیشی بەشێکی بۆ بڕینەوە (السعداوی,١٩٥٦م, ٧٠؛ دعکور, ٢٠١٠م, ١٨٠_١٨١؛ عمران, ٢٠٠٠م, ١٤١).

لە کاتی ئازادکردنی (قودس)دا, (سەلاحەددین) بەدەور و پشتەکانی خۆی گۆت: ((ئا ئەوەتا براکەم خێرەکەی خۆی ئەنجامدا، هەروەها بەتریارک و (بالیان)یش هەمان شتیان کرد، تەنها من ماومەتەوە، فەرمانی بە بانگدەر کرد کە بانگ ڕابێڕێ لە کۆلانەکانی شاری (قودس)دا، بەوەی کە هەموو ئەو کەسانە لێبوردراون کە ناتوانن سەرانە بدەن، با لە دیلی ئازادبکرێن)) (السعداوی,١٩٥٦م, ٦٩_٧٠؛ علوان, ١٩٧٥م,٤٧_٤٨ ), هەر لەو کاتەدا (سەلاحەددین) چەند ئافرەتێکی ڕاهیبەی ئازادکرد کە ژن و خێزانی پاشاکانی ڕۆم بوون، بە کۆیلە و غولام و خزمەتکار و سەروەت و

سامانیانەوە ئازادیکردن، هەروەها شاژنی (قودس)یشی ئازادکرد (ابن خلدون, ٢٠٠٠م, ٣٦١/٥).

**باسی شەشەم: ئازادکردنی دیلەکان بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی:** زۆرجار هەبووە (سەلاحەددین) بەبێ هیچ دەسکەوتێک و بێ بەرانبەر هەڵساوە بە ئازادکردنی دیلەکان, ئەمەش تەنها بەمەبەستی پاراستنی ئاشتی لە نێوان خۆی و هێزە دژبەرەکانی لە ناوچەکەدا.

لە سەرەتای بەدیارکەوتنی (سەلاحەددین) لە گۆڕەپانی سیاسیی شام و بە دیاریکراوی لە ساڵی (٥٦٩ک/١١٧٣ز)دا, هەندێک لە سەرکردە سەربازییەکانی لەگەڵ (سەلاحەددین) بوون, بە مەبەستی وەدیهێنانی ئاشتی پەیماننامەیەکی ئاشتیان لەگەڵ خاچدروشمەکان بەست, یەک لە مەرجەکانی خاچدروشمەکان ئازادکردنی دیلەکانیان بوو لەو ڕێککەوتنامەیەدا (حسین, ٢٠٠٠م, ٤٣).

لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لە ساڵی (٥٧٠ک/١١٧٤ز), لە نێوان موسڵمانەکان بە سەرکردایەتی (سەلاحەددین) و سوپای (موصل) بە سەرکردایەتی (سیف الدین غازی), چەند سەربازێکی سوپای (موسڵ) بەدیلگیران, بەڵام دواتر (سەلاحەددین) ڕاستەوخۆ ئازادیان دەکات, ئەمەش بە مەبەستی ڕێخۆشکردنێک بۆ هێنانەکایەوە و پاراستنی ئاشتی و نیشاندانی نیازپاکی کە ئاشتیخوازە(حسین, ٢٠٠٠م, ٤٩).

لە ساڵی (٥٧١ک/١١٧٥ز)دا ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتی و ئاگربەست لە نێوان (سەلاحەددین) و خاچدروشمەکان مۆرکرا، بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە (سەلاحەددین) ئەو دیلە خاچدروشمانەی کە لەلای بوون ئازادیکردن، ئەمەش بۆ ئەوەی دەستی بەتاڵ بێت و باری سووک بێت تاکو بتوانێ ڕووبەڕووی (سیف الدین غازی)[٢٧] زەنکی ببێتەوە، بەڵام لە

ساڵی دواتردا، خاچدروشمەکان ڕێککەوتنی ئاگربەستی شەڕیان هەڵوەشاندەوە (رنسیمان, ١٩٥٢م, ٤٦٨/٢).

لە شەڕی گەورەی (حطین)، لە پاشاکانی خاچدروشمەکان، پاشا (کای، جیفریی) برای، پاشای الکرک، الهنفري، پاشای جبیل، پاشای بیروت و صیدا) (ابن واصل, ١٩٥٧م, ٢٠٧/٢؛ النویري, ٢٠٠٤م, ٢٨_٢٩ /٣١٧؛ المقریزي, سلوک, ١٩٥٦م, ٩٣/١) و هەم دیسان (ارناط) خاوەنی (الشوبک) (ابن شداد, ١٩٧٩م, ١٠١) و خاوەنی (جبیل)یش یەکێک بوو لەو دیلانەی بۆ زیندانی (دیمشق) بردران, لەوێ لەگەڵ جێگری سەڵاحەددین قسەیان کردبوو بۆئەوەی ئازادیان بکات، سەڵاحەددینیش بەمەی زانی و خستنیە ژێر چاودێریی سەربازەکانی و دواتریش بە مەبەستی پاراستنی ئاشتیی نێوانیان ئازادیکردن، بەتەنها سەرکردەی خاچدروشمەکان (ارناط) نەبێت لەملیدرا, بەمەش تەواوی ئەو شوێنانە کەوتنە دەست موسڵمانان و هەموو دیلەکانیشیان ئازادکران, لەسەر ژمارەی دیلەکان قسەیەک هەیە دەڵێت: (لەو ساڵەدا بیست هەزار دیلی موسڵمانان ئازادکران، سەد هەزار خاچدروشمی تریش بوون بە دیل) ( ابن واصل, ١٩٥٧م, ٢٠٧/٢ ؛بیضون, ١٩٩٥م, ٢٥٩؛ اسماعیل, د.ت, ٦١).

هەرچەندە زێدڕۆییکراوە لە ژمارەی ئەو دیلانەی باس کراون, هەم دیلی موسڵمانان و هەم دیلی خاچدروشمەکان, لۆژیکی نییە, چونکە تێچوویەکی ماددی زۆر و خزمەتی زۆری دەوێت بۆ هەردوو لایان.

بە شێوەیەکی گشتی دیلەکان لەلایەن موسڵمانان و خاچدروشمەکان بایەخیان زۆر بوو, بۆ ئەم مەبەستەش سازشیان لە ئازادکردنی دیلەکان دەکرد, بە مەبەستی ڕوونەدانی جەنگ و پاراستنی ئاشتیی نێوانیان, وەکو ئەوەی لە ساڵی (٥٨٤ک/١١٨٨ز) ڕوویدا, کاتێک پاشای (مەجەر) و (ئیمپراتۆریەتی بیزەنطی) داوایان لە (سەڵاحەددین) کرد ئەو خاکانەی کەوتبوونە ژێر دەستی بیان گەڕێنێتەوە ئەگەرنا شەڕ ڕوودەدات, بەڵام

(سەلاحەددین) پێی ڕاگەیاندن لەجیاتی گەڕاندنەوەی خاکەکانی ئازادی کردون, دیلەکانیان بۆ ئازاد دەکات (عمران, ٢٠٠٠م, ١٤٨).

هەر سەبارەت بە هەوڵدانی (سەلاحەددین) بۆ پاراستنی ئاشتی لە ناوچەکە, بەتەنها دیلی خاچدروشمەکانی ئازادنەکردووە, بەڵکو دیلی موسڵمانانیش ئەوانەی دژی بوون ئازادکراون, سەلاحەددین بەردەوام بە مەبەستی بەرگریکردن لەخۆی و دەوڵەتەکەی بەرانبەر بە لایەنگرانی زەنکییەکان, لە ساڵی (٥٧٥ک/١١٧٩ز) کاتێک لایەنگرانی زەنکییەکان شالاوێک دەهێنن بۆ سەر سوپای (سەلاحەددین) دوچاری شکست دەبن و چەند سەرکردەیەکیان بەدیلی دەکەونە دەست (سەلاحەددین), بەلام ئازادیان دەکات, ئەمەش بۆئەوەبوو کە تێبگەن (سەلاحەددین) مە بەستی لە ئازادکردنی ئەو سەرکردانە پاراستنی ئاشتیی گشتییە لە ناوچەکەدا (طقوش, ٢٠١٠م, ٢٠٤؛ طقوش, ٢٠١١م, ٤٤٠).

**باسی حەوتەم: چەند ڕێگایەکی تر:** سەرەڕای ئەو ڕێگایانەی ئاماژەیان پێکراوە بۆ ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان, بەلام ڕێگایەکی تریش هەبووە, بۆ ئەوەی خاچدروشمەکان بتوانن خۆیانی پێ ئازادبکەن, لە چوارچێوەی بەستنی هاوپەیمانیەتییەکدا, لە ساڵی (٥٨٢ک/١١٨٦ز) لە نێوان (سەلاحەددین) و (ڕیمونی سێیەم) خاچدروشمەکان وایکرد هەموو ئەو دیلانەی خاچدروشمەکان کە لەلای (سەلاحەددین) بوون ئازادبکرێن (حسین, ٢٠٠٠م, ٦٥).

لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز), کاتێک (باليان ابن بارزان) فەرمانڕەوای پێشووی شاری (ڕملە) بە دیلی کەوتە دەست سەلاحەددین, ئەو فەرمانڕەوایە داوای لە سەلاحەددین کرد کە ڕێگای بدات شەوێک لەلای خانەوەدەکەی بێت لە شاری (قودس) و لە دواتریشدا بە خێزانەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای سەلاحەددین, دوای ئەوەی کە پەیمانیدا بۆ گەڕانەوە, سەلاحەددینیش داواکاریەکەی وەرگرت, بەلام پەیمانەکەی شکاند و لە

جیاتی گەڕانەوەی بۆ دیلی, بوو بە سەرکردەی ئەو سوپایەی کە لە (قودس) بوو و ئامادەکارییان کرد بۆ بەرگریکردن لە شارەکە (زكي, ١٩٤٥م, ٢٠٩).

هەروەها لە ڕووداوێکی تری ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز) لە سەروبەندی شەڕی حطين و ئازادکردنی (قودس), سەلاحەددین ژمارەیەکی زۆر لە خاچدروشمەکان بەدیلدەگرێت, لەبەر زۆریی ژمارەی دیلەکان هەندێکیانی بە تەنها بە تاکێک یان جووتێک پێڵاو فرۆشتوون بۆ ئەوەی هەست بە زەلیلی بکەن, هەندێک دیلی تریشی بە پارە فرۆشتوون, تەنها لەبەر ئەوەی زۆر بوون و بەمەش لە دیلی ئازادکراون (ابن الاثير, ٢٠٠٣م, ١٤٨؛ البنداري, ١٩٧٩م, ٢٩٧؛ ابوشامة, ١٩٩٧م, ٢٩٩/٣).

لە ڕووداوێکی تری نێوان موسڵمانان و خاچدروشمەکان, لە ساڵی (٥٨٧ک/١١٩١ز) کاتێک موسڵمانەکان گەمارۆیەکی توندیان دەخرێتە سەر لە لایەن خاچدروشمەکان و موسڵمانان لە قەڵاکانیان گیرۆ ببوون و دواتر خاچدروشمەکان توانیان بچنە ناو قەڵاکانیان و ژمارەیەکی زۆری موسڵمانانیان کوشتن و بەدیلگرتن, ئەوەبوو موسڵمانەکان داوای ئازادکردنی دیلەکانی خۆیانیان لە خاچدروشمەکان کرد, خاچدروشمەکانیش لە بەرانبەر ئازادکردنی ئەو دیلە موسڵمانانە داوای ئازادکردنی هەزار سوارچاکی خۆیانیان لێ کردن, بەبێ ئەوەی دەستنیشان بکرێن, سەرەڕای ئەوەش شەش سەد سوارچاکی تری ناوداری خاچدروشم ئازادبکرێن, ئەوەبوو پرۆسەکە ئەنجامدرا, ژمارەیەکی زۆری خاچدروشم ئازادکران, ئەو موسڵمانانەش ئازادکران کە لەلای خاچدروشمەکان بوون (رمضان, ١٩٨٣م, ٥٠٠).

## ئەنجام

دوای ئەوەی توێژەر تەواوی زیانیاری و وردەکارییەکانی خستنەڕوو لەسەر ڕێگاکانی ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان لە لایەن (سەلاحەددین)، هەروەها دوای خوێندنەوە و بینینی ژمارەیەک لە سەرچاوەی تایبەت بە بابەتەکە، لە ئەنجامدا توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشت کە دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوە بخرێنەڕوو:

- دیل دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە لە هەموو جیهاندا، پێویستە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە و چارەسەر بکرێت.
- ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان بەرانبەر بە ئازادکردنی دیلە موسڵمانەکان ئاواتی سەلاحەددین و موسڵمانان بوو.
- توێژینەوە کردن لەسەر ئازادکردنی دیل، گرنگ و پەند وەرگرە.
- هەرگیز موسڵمانان خۆیان بێ بەری نەکردووە لە گرتنە ئەستۆی دیلە خاچدروشمەکان، لەکاتێکدا چەندین جار خاچدروشمەکان خۆیان لە دیلەکانی خۆیان بێبەریکردووە و (فیدیە)شیان بۆ نەداون.
- زیادکردنی داهاتی دەوڵەت بەهۆی وەرگرتنی (فیدیە) بەرانبەر ئازادکردنی دیلە خاچدروشمەکان، بە تایبەتی سەرکردکانیان.
- ڕەتنەکردنەوەی داواکاریی خێزان و کەس و کاری دیلە خاچدروشمەکان و ژن و مێرد و منداڵەکانیان بۆ ئازادکردنیان لە دیلی.

- ئازادكردنی دیلەكان ڕێگا خۆشكەربوو, بۆ ئاشتەوایی و بەستنی هاوپەیمانیەتی و ڕزگاركردنی قەڵا و شارەكان لە دەستی خاچدروشمەكان.

**پەراوێزەكان:**

١_(٥٧٠ك/١١٧٤ز): لە یەكسانكردن و گۆڕینیساڵی كۆچی بۆ ساڵی زایینی سوود وەرگیراوە لە (قیقانو, ١٩٩٧, لاپەڕەی ئەو ساڵانەی یەكسانمان كردوون).

٢_ ناوی (عیسی كوڕی محمد) بووە نازناوی (ضیاء الدین) بوو, لە شەرع شارەزابوو, بە توانا و خانەدان بوو, لە كەسە یەكەمینەكانی سوپای ئەسەدی بوو, سەربازێكی ئازا و چاونەترس بوو, پێشەوای سەربازەكانی اسدالدین شێركۆ بوو, لە ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز) كۆچی دوایی كردووە (ابن خلكان, ١٩٧٨م, ٤٩٧/٣), بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نەبەز مجید ئەمین, عیسای هەكاری, گۆفاری زانكۆی سلێمانی, ژمارە(٧) ی ساڵی (٢٠٠١ز).

٣_ شارێكە دەكەوێتە خوارووی فەلەستین لە شام, لە كەناری دەریادا هەڵكەوتووە, لە نێوان (غزة و بیت جبرین)دایە, پێی دەگوترێت بووكی شام, چەندین ڕووداوی زۆر گرنگی تیادا ڕوویداوە (یاقوت, ١٩٧٧م, ١٢٢/٤).

٤_الداویة او الهیكلین: وشەیەكی عەرەبییە, لە بنەڕەتدا سریانیە و لە لایەن عەرەبەكانەوە گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە, لە ڕووی ماناوە بە واتای هەژار دێت, دەگوترێت بە ئەسل لاتینیە و ناوی ڕێكخراوێكە و نووسینەكەی لە لاتینی بەم شێوازەیە (Paupere, Commilitones christi) بە مانای, سوارە هەژارەكانی مسیح دێت (المطوي, ١٩٥٤م, ٧٠؛ حتي, ١٩٧٤م, ٧٣٤؛ حسێن, ٢٠٠٧ز, ٨٨؛ زەینەڵ, ٢٠٠٨ز, ١١٧-١١٨؛ حسێن, ٢٠١٢ز, ٦٩)

٥_ واته سوارەکانی قدیس یوحنا و ئەم وشەیەش شێوێنراوە و وشە ڕەسەنەکەی (Hospital)ە, بەمانای سوارەکانی نەخۆشخانە هاتووە (مونروند, ١٨٦٥م, ١٩٩؛ المطوي, ١٩٥٤م, ٧١؛ حتي, ١٩٧٤م, ٧٣٤؛ هامرتن, (ب.س), ١٧٥/٥؛ حسێن, ٢٠٠٧ز, ٨٨؛ زەینەڵ, ٢٠٠٨ز, ١١٧-١١٨؛ حسێن, ٢٠١٢ز, ٦٩). هەردوو گروپی (الداوية والاسبتارية) لە پێشتردا لە خاکی (قودس) دروستبوون, سەرەتا وەکو دوو گروپی خێرخوازی ئاینی دەرکەوتن, بەڵام دواتر گۆڕان و بوون بە دوو گروپی سەربازیی خاچدروشمی کاریگەر.

٦_ شارێکە لە کەنار دەریای ناوەڕاست, لە (شام)ە, لە نێوان قیصاریە و یافا دایە (یاقوت, ١٩٧٧م,١٥١/١).

٧_ بە ڕیتشاردی یەکەمی پاشای انگلترا ناسراوە, بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوا بوو لە نێوان ساڵانی (٥٨٥ک/١١٨٩ز-٥٩٦ک/١١٩٩ز) لە ساڵی (٥٥٢ک/١١٥٧ز) لە شاری (ئۆکسفۆر) لەدایکبووە, لە هەڵمەتی سێیەمی خاچدروشمەکان بەشداری‌کردووە, لە ساڵی (٥٨٨ک/١١٩٢ز) ڕێککەوتنامەی لەگەڵ سەلاحەدین واژووکرد, بە پشتبەستن بەم ڕێککەوتنامەیە سنووری نێوان خاچدروشمەکان و موسڵمانان دیاریکرا, لەژێر شوراکانی کۆشکی (شالۆ) لە فرنسا کۆچی دوایی کرد (بولارد, ١٩٥٦م, ٥؛ سعداوي, ١٩٦١م, ٣٤؛ العسلی, ١٩٧٩م, ١٥؛ غنيم, ١٩٨٥, ٥٤-٥٧؛ العسلي, ١٩٨٨, ٥٢٣/٤)

٨_بریتییە لە پێدانی بڕێک پارە, کە دیلە خاچدروشمەکان دەیاندا بە موسڵمانەکان, بەمەبەستی خۆکڕینەوەیان لە دیلی و ئازادبوونیان لە دیلی (زەینەڵ, ٢٠٠٨ز, ٣٥).

٩_ قەڵایەکی کۆنە دەکەوێتە نزیک سەرچاوەی ڕووباری ئوردن لە نزیک چیای ئەلشێخ لە باشووری ڕۆژئاوای دیمەشق (المقريزي, ١٩٥٦م, ٦٧/١).

١٠_شارێکی گەورەبوو, بە دووریی ٢٢کم کەوتبووە بەشی ڕۆژهەڵاتی باشووری شاری یافا (یاقوت, ١٩٧٧م, ٦٩/٣؛ ناصر خسرو, ١٩٩٣م,٥٤).

١١_ شارێکی بەناوبانگە لە شام و خاکی فەلەستین، دووریی نێوان نابلس و بیت المقدس (٨فرسخ+٦٠کم) (یاقوت, ١٩٩٧م, ١٤٨/٥).

١٢_شارۆچکەیەکە کەوتۆتە سەر دەریاچەی (طبریە) لە ڕۆخی چیایەک, کە چیایی (طور) لە سەرەوەی هەڵکەوتووە و سەر بە ناوچەی ئوردنە لە لای دۆڵی (غور), (یاقوت, ١٩٩٧م, ١٧/٤).

١٣_شارێکی بەناوبانگە, کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی (بیروت) و (٨) فرسخ لێی دوورە, کە دەکاتە ٤٨کم (یاقوت,١٩٧٧م, ١٠٩/٢).

١٤_شوێنێکە لە کەنارەکانی شام (یاقوت, ١٩٧٧م, ١٠١/٥).

١٥_شارێکە لە لای چیاکانی (شام) و بە شێکیشە لە چیاکانی لبنان (یاقوت, ١٩٧٧م, ٤١٢/٣).

١٦_ئەم جۆری دینارە لە وڵاتی فەرەنگ و ڕۆمەوە دەیانهێنا, کێشی دیاریکراوە, ڕوویەکی وێنەی پاشایەکی لەسەرە و ڕووەکەی تریشی وێنەی (بطرس و بولیس)ی لەسەرە (محسین, ٢٠٠٧ز, ١٢٥).

١٧_خوشکی (ملک بلدوین)ی چوارەمە, خێزانی جان لۆزجنانە, ئەوەی کە یاخیبوو لەگەڵ مێردەکەی لە پاشا و خۆیان شاردبووەوە لە شاری (عسقلان) (سلیماني, ٢٠٠١م, ٥٢).

١٨_ ئامێرێکی جەنگیی ئاگرپرژێنە, ئەیوبییەکان لە شەڕی قەڵا و شارەکان بەرانبەر خاچدروشمەکان بەکاریانهێناوە (الطرسوسي, د.ت, ١٦_١٨).

١٩_ شارێکە کەوتبووە کەناری شام و بە شاری ماسیگرەکان ناسراوە (یاقوت, ١٩٧٧م, ٤٣٧/٣-٤٣٨).

٢٠_ قەڵایەکی بەهێز و پتەوە, لە دیوی (شام) لە دەورووبەری ناوچەی (بلقاء) و چیاکانی, لە نێوان (أیلة, دەریای قلزم و بیت المقدس)دا هەڵکەوتوو (یاقوت, ١٩٧٧م, ٤٥٣/٤).

٢١_ قەڵایەکی پۆڵاینە لە دەوروبەری شام, لە نێوان (عمان, ایلة و قلزم)دایە و نزیکە لە الکرک (یاقوت, ١٩٧٧م, ٣٧٠/٣).

٢٢_ ناوی (ڕینۆد دی شاتیۆن)بوو, لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بە (ارناط) ناوی هاتووە, سەرکردە بوو لە هەڵمەتی سێیەمی خاچدروشمەکان, بە دیلی دەکەوێتە دەست موسڵمانان, لە ساڵی (٥٧٣ک/١١٧٧ز) ئازاددەکرێت (زەینەڵ, ٢٠٠٨ز, ١٠٤).

٢٣_ لە ساڵی (٥٤٠ک/١١٤٥ز) لە شاری دمشق لەدایکبووە, کەسێکی دادپەروەر و خانەدان بووە لەگەڵ (اسدالدین شێرکۆ)ی مامی و (سەلاحەددین) برای چووەتە مصر جێگری سەلاحەددین بووە و بەشداری لە زۆربەی شەڕەکانی شامدا کردووە, لە ساڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز) و هەر لە شاری دمشق کۆچی دوایی کردووە (ابو شامة, ١٩٧٤م, ١١؛ ابن خلکان, ١٩٧٨م, ٧٤/٢-٧٨). بڕوانە: سمیر حسێن عبدالکریم, خلفاء صلاح الدین, رسالة ماجستیر, (٢٠١٣م).

٢٤_ قەڵا و قوڵەیەکە بە نووکی شاخێکی سەخت و سەرکەشەوە دروستکرابوو, لە نزیک دەریای ناوەڕاست، موسڵمانان و خاچدروشمەکان بە نموونەی قەڵای قایمکار ناویان دەبرد (یاقوت, ١٩٧٧م, ٣٠٤/١).

٢٥_شارێکە لە شام, بە شارێکی دەستپاک و باش و ئاو و هەوایەکی خۆش و میوەی باش و تەندروست وەسفکراوە (یاقوت, ١٩٩٧م, ٢٦٦/١).

٢٦_گەورەترین کڵێسای خاچدروشمەکان بوو لە (بیت المقدس) و دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکە و گۆڕستانێکی لێیە پێی دەڵێن (القیامە), خاچدروشمەکان لایان وایە کە (مسیح) قیامەتی لەو شوێنە هەستاوە. (ناصر خسرۆ, ١٩٩٣م, ٧٤-٧٥؛ یاقوت, ١٩٧٧م, ٤٤/٤)

٢٧_ ناوی سیف الدین غازی بن قطب الدین مودود بن عمادالدین زنکی, خاوەنی موسڵ بوو, دوای کۆچی دوایی باوکی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست, ڕووبەڕووی سەڵاحەددین بووەتەوە, بۆ ئەوەی نەگات بە دەسەڵات, بەڵام

سەرکەوتوونەبووە, لە ساڵی (٥٧٦ک/١١٨٠ز) کۆچی دوایی کردووە (ابن خلکان, ١٩٧٨م, ٤/٥).

**ژێدەرەکان بە زمانی کوردی:**

**حسێن: محسین محمد**

_ سوپای ئەیوبیان لە سەرودەمی سەڵاحەددیندا (پێکهاتنی, ڕیکخستنەکانی, چەکەکانی, هێزی دەریایی و شەڕ و جەنگە گرنگەکانی), و:عوسمان عەلی قادر, چ١, چاپخانەی نووسەر, (سلێمانی, ٢٠٠٧ز).

_ ژیانامەی پیاوە هەرە درەوشاوەکە سەڵاحەدینی ئەیوبی, و:عبدورەزاق بیمار, چ٢, چاپخانەی ئاراس, (هەولێر, ٢٠١٢ز).

**زەینەڵ: ئاراس فەریق.**

_ جەنگی دەرونی لەسەردەمی سەڵاحەددینی ئەیوبییدا(٥٦٧ک-٥٨٩ک/١١٧١ز-١١٩٣ز) (لێکۆلینەوەیەکی مێژویی دەرونیە), چ١, مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ک), (سێمانی, ٢٠٠٨ز).

**الصلابي: علی محمد**

_ صەلاحەدینی ئەیوبی, و:جمیل قادر, چ١, دار الفکر, (لبنان , ٢٠٠٨ز).

**علی: هادی**

_ صەڵاحەددینی ئەیوبی سەرکردەی موسڵمانانی کورد, چ١, کۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامی کوردستان, (هەلەبجە, ١٩٩٥ز).

**سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی عەرەبی:**

**ابن الاثير: أبو الحسن عز الدين علي الشيباني الجزري(ت: ٦٣٠هـ/١٢٣٢م).**

_ الكامل في التأريخ ،(من سنة ٥٦٢_٦٢٨ للهجرة) مراجعة: محمد يوسف الدقاق ،منشورات: محمد علي بيضون ,ط٤ ،دار الكتب العلمية ،بيروت ،ج١٠ ،(لبنان ,٢٠٠٣ م).

**الاصفهاني: محمد بن محمد الكاتب (ت: ٥٩٧هـ/١٢٠٠م)**

_ حروب صلاح الدين و فتح بيت المقدس و هو الكاتب المسمى الفتح القسى فى فتح القدسى ،ط١ ,دارالمنار ،(د.م, ٢٠٠٤م).

**البنداري: الفتح علي بن محمد (ت: ٦٤٣هـ/١٢٤٥م)**

_ سنا البرق الشامي، اختصار الفتح بن علي البنداري، ٥٦٢ \ ١١٦٦ : ٥٨٣ \ ١١٨٧، من كتاب البرق الشامي، للعماد الكاتب الإصفهاني، تحقيق د. فتحية النبراوي،مكتبه الخانجى بمصر جامعة الأزهر،(مصر ، ١٩٧٩م).

**ابن خلدون: عبدالرحمن بن محمد(ت: ٨٠٨هـ/١٤٠٦م).**

_ تاريخ ابن خلدون المسمى ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الاكبر، تحقيق: خليل شحادة، مراجعة: سهيل زكار دار الفكر ،بيروت ،ج٥ (لبنان، ٢٠٠٠م).

**ابن خلكان: أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد(ت: ٦٨١هـ/١٢٨٢م).**

_ وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، دار صادر، مج(٢, ٣), (بيروت، ١٩٧٨م).

**الذهبي: شمس الدين محمد بن عثمان(ت: ٧٤٨هـ/١٣٤٧م)**

_ العبر في خبر من غبر من سنة: ٥٤٧ هـ إلى سنة ٧٠٠ هـ تحقيق: ابو هاجر محمد سعيد، ط١ ،دار الكتب العلمية ، بيروت ،ج٣،(لبنان، ١٩٨٥م).

**ابن سباط: حمزة بن أحمد بن عمر (ت: ٩٢٦هـ/١٥١٩م).**

(صدق الاخبار) تأريخ ابن سباط، تحقيق:عمر عبدالسلام تدمري ,ط١,مطبوعات دار جروبرس، طرابلس ،ج١ , (لبنان ,١٩٩٣م).

**ابو شامه، شهاب الدين عبدالرحمن بن إسماعيل بن ابراهيم المقدسي الدمشقى ،(ت: ٦٦٨هـ/١٢٦٩م)**

_ الذيل على الروضتيين (تراجم الرجال القرنين السادس والسابع الهجريين), باعتناء: السيد عزت العطار الحسني, ط٢, دار الجيل, (بيروت, ١٩٧٤م).

_ الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية (٥٩٩_٦٦٥هـ) ،تعليق: إبراهيم الزيبق ،ط١ ،مؤسس الرسالة ،بيروت ،ج٣ ،(لبنان ,١٩٩٧م).

_ الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية (٥٩٩_٦٦٥هـ) ،تعليق: إبراهيم الزيبق ،ط١ ،مؤسس الرسالة ،بيروت ،ج٤ ،(لبنان ,١٩٩٧م).

**ابن شداد: بهاء الدين يوسف بن رافع (ت: ٦٣٢هـ/١٢٣٤م).**

_ النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية او سيرة السلطان الناصر صلاح الدين الايوبي,اختارالنصوص و قدم لها :محمد درويش ,مطبعة وزارة الثقافة ,منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومى ,( دمشق ,١٩٧٩م).

**الطرسوسي:مرضي بن على بن مرضي (ت:٥٨٩هـ/١١٩٣م)**

_ تبصرة ارباب الالباب في كيفية النجاة فى الحروب من الاسواء, ت:كلود كاهن, (د.م, د.ت).

**ابو الفداء: الملک المؤيد عماد الدين إسماعيل بن محمد (ت: ٧٣٢هـ/١٢٣١م)**

_ المختصر في اخبار البشر، تحقيق: محمد زينهم عزب و يحيى سيد حسين، تقديم: حسين مؤنس، دار المعارف ،ج٣، (القاهرة، ١٩٩٩م).

**ابن كثير: أبو الفداء أسماعيل بن عمر(ت:٧٧٤هـ/١٣٧٢م)**

_ البداية و النهاية، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن ،ط١ ،دار هجر ،ج١٦ (د.م ،١٩٩٨م).

**المقريزي: تقي الدين ابي العباس احمد بن علي (ت: ٨٤٥هـ/١٤٤١م).**

_ كتاب السلوک لمعرفة دول الملوک، تصحيح و وضع الحواشي: محمد مصطفى زيادة ، الهيئة العامة لمكتبة الإسكندرية ,ج١ , (مصر ,١٩٥٦م).

_ كتاب المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، المعروف بالخطط المقريزية، وضع الحواشي: خليل المنصور ,منشورات محمد علي بيضون ، ط١ ,دار الكتب العلمية,بيروت ، ج٣ (لبنان, ١٩٩٨م).

**الملک المنصور: ناصر الدين محمد بن الملک المظفر تقي الدين عمر بن شاهنشاه الايوبى (ت:٦١٧هـ/١٢٢٠م)**

_ مضمار الحقائق و سر الخلائق، تحقيق: حسن حبشي، ملتزم الطبع والنشر عالم الكتب،(القاهرة،١٩٨١م).

**ناصر خسرو: ابو معين الدين القبادانى المروزى (ت:٤٨١هـ/١٨٨١م)**

_ سفرنامة, نقله الى العربيه يحيى الخشاب, الهيئة المصرية العامة للكتاب, (القاهرة, ١٩٩٣م).

**النويري ،شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب ،ت: (٧٣٣هـ /١٣٣٢م)**

_ نهاية الأرب في فنون الأدب، تحقيق: د.نجيب مصطفى فواز و الدكتورة حكمت كشلي فواز، منشورات: محمد علي بيضون، ط١ ،دار الكتب العلمية ، بيروت ، ج: ٢٨ – ٢٩ ،(لبنان ،٢٠٠٤م).

**ابن واصل: جمال الدين محمد بن سالم (ت: ٦٩٧هـ/١٢٩٧م).**

_ مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب ,تحقيق :جمال الدين الشيال, ج٢,(الاسكندرية,١٩٥٧م).

**ابن الوردي: زين الدين عمر بن مظفر (ت: ٧٤٩هـ/١٣٤٨م).**

_ تأريخ ابن الوردي ، ط١، دار الكتب العلمية ،بيروت ، ج٢ ،(لبنان ،١٩٩٦م).

**ياقوت الحموي: شهاب الدين عبدالله الرومي(ت: ٦٢٦هـ/١٢٢٨م).**

_ معجم البلدان, دار صادر,مج(١, ٢, ٣, ٤,٥) (بيروت, ١٩٧٧م).

**سەرچاوە لاوەكییەكان بە زمانی عەرەبی:**

**اسماعيل: ليلى عبدالجواد**

_ تاريخ الايوبيين والمماليك فى مصر وبلادالشام, دار الثقافة العربية, قاهرة, د.ت).

**بولارد: سير ريدر.**

_ بريطانيا والاشرق الاوسط من اقدم العصور حتى سنة ١٩٥٢م, ت:حسن احمد سلمان, مطبعة الرابطة, (بغداد, ١٩٥٦م).

**بيضون: ابراهيم**

_ تاريخ بلاد الشام اشكالية الموقع والدور فى العصور الوسطى, دار المنتخب العربي, (بيروت, ١٩٩٥م).

**البيومي: محمد رجب**

_ صلاح الدين الايوبى قاهر العدوان الصليبي, ط١, دار القلم,(دمشق, ١٩٩٨م).

**حتي: فليب و ادوارد جرجى و جبرائيل جبور.**

_ العرب, دار غندور, (بيروت, ١٩٧٤م).

**حسين: محسين محمد**

_ الجيش الايوبي فى عهد صلاح الدين, ط١, مؤسس الرسالة, ١٩٨٦م.

**حسين: حمدى عبدالمنعم محمد**

_ دراسات فى تاريخ الايوبيين والمماليك, دار المعرفة الجامعية, (الاسكندرية, ٢٠٠٠م).

**حمود: سوزى**

_ الفاطمييون والزنكيون والايوبيون والمماليک و صراعهم حول السلطة فى المشرق العربي(٣٦٢_٩٢٣هـ/٩٧٣_١٥١٧م), دار النهضة العربية, (بيروت, ٢٠١٠م).

**دعكور: عرب حسين**

_ تاريخ الفاطميين والزنكيين والايوبيين والمماليک و حضاراتهم, منتدى سور الازبكية, (بيروت, ٢٠١٠م).

**رمضان: عبدالعظيم**

_ الصراع بين العربب والاسلام من ظهور الاسلام الى انتهاء الحروب الصليبية, دار المعارف, (مصر, ١٩٨٣م).

**رنسيمان: ستيفن:**

_ تأريخ الحملات الصليبية، ، ٢_ مملكة القدس والشرق الفرنجي (١١٠٠_١١٨٧م)، ت: نورالدين خليل، (جنيف, ١٩٩٦م) , ج٢ ,(لندن,١٩٥٢م).

_ تأريخ الحملات الصليبية ، ٣_ مملكة عكا والحملات الصليبية المتأخرة ,ت: نور الدين خليل , (الاسكندرية, ١٩٩٨م) ,ج٢ (لندن ,١٩٥٤م) .

**زكي: محمد امين**

_ تاريخ الدول والامارات الكردية فى العهد الاسلامي, ت:محمد علي عونى, مطبعة السعادة,(مصر, ١٩٤٨م).

**الزيدي: مصعب حمادي نجم**

_ الصليبيون فى بلاد الشام, دار النهضة العربية , (موصل, ٢٠١٢م).

**سعداوي: نظير حسان**

_ جيش مصر فى ايام صلاح الدين ,كليه المعلمين بالقاهره ،مكتبة النهضة المصرية ,(القاهرة ,١٩٥٦م)

_ الحرب والسلام زمن العدوان الصليبيون, مكتبة النهضة المصرية, (قاهرة, ١٩٦١م)

تأريخ الإسلام و وفيات المشاهير والأعلام، حوادث و وفيات، (٥٦١ _٥٧٠)للهجرة، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، ط١ ,دار الكتاب العربي, (لبنان ,١٩٩٦م).

**طقوش:محمد سهيل**

_ تاريخ الزنكيين فى الموصل و بلاد الشام (٥٢١_٦٣٠هـ/١١٢٧_١٢٣٣م), ط٢, دار النفائس, (بيروت, ٢٠١٠م).

_ تاريخ الحروب الصليبية (حروب الفرنجة فى المشرق) (٤٨٩_٦٩٠هـ/١٠٩٦_١٢٩١م) ط١, دار النفائس, (بيروت, ٢٠١١م).

**عاشور: سعيد عبدالفتاح**

_ الايوبييون والمماليك فى مصر والشام, دار النهضة العربيةو (قاهرة, ١٩٩٦م).

**العسلي: بسام.**

_ الحرب والحضارة, ط١, المؤسسة العربية للدراسات والنشر, (بيروت, ١٩٧٩م)

_ فن الحرب الاسلامي, ايام الحروب الصليبية, ط١, دار الفكر للطباعة والنشر, مج٤, (بيروت, ١٩٨٨م).

**علوان: عبدالله ناصح**

_ صلاح الدين الايوبي بطل حين و محرر المقدس من الصليبيين ٥٣٢_٥٨٩هـ (د.م, ١٩٧٥م).

**عمران: محمود سعيد**

_ تاريخ الحروب الصليبية١٠٩٥_١٢٩١م, دار المعرفة الجامعية,(الاسكندرية, ٢٠٠٠م).

**غنيم: اسمت.**

_ الدولة الايوبية والصليبيون, دار الندوة الجديدة, المكتبة الفيصلية, (بيروت, ١٩٨٥م).

**قيقانو:انطون بشارة**

_ جدول السنين الهجرية وما يوافقها من السنين الملادية, ط٣, دار المشرق, (بيروت, ١٩٩٧م).

**ماجد:عبدالمنعم**

_ صلاح الدين الايوبى, الهيئة المصرية العامة للكتاب, (مصر, ١٩٨٧م).

**المطوي: محمد العروسي.**

_ الحروب الصليبية فى المشرق والمغرب, دار الكتب الشرقية, (تونس, ١٩٥٤م)

**مونروند: مكسيموس.**

_ من تاريخ الصليبية, ت: كيريو مكسيموس مظلوم سنة(١٨٤١م), طبع دير الرهبان (اورشليم(قدس), ١٨٦٥م).

**هامرتن: السيرجون أ.**

_ تاريخ العام, مقال(السلاح), لتشارلز .ج .فولكس, ادراة الثقافة بوزارة التربية والتعليم, مكتبة النهضة, مج٥, (ب.س).

**وشاح: غسان محمود و ابوريدة: جمال احمد**

_ الامير بهاءالدين قراقوش و دوره فى تثبيت اركان حكم السلطان صلاح الدين الايوبي (٥٠٩_٥٩٧/١١١٦_١٢٠١م), مجلة دراسات فى التاريخ والاثار, العدد(٦٦) ت١, ٢٠١٨م.

**وهبة: مصطفى**

_ موجز تاريخ الحروب الصليبية ,ط١ ,مكتبة الايمان ,(مصر,١٩٩٧م).

**نامه زانكۆييیەكان**

**أسيا: يخلف و مريم: شيعحاوى**

_ العلاقات الحربية بين الدولة العباسية والدولة البيزنطية فى العصر العباسى الاول (١٣٢_٢٣٢ك/٧٤٩_٨٤٨م), رسالة ماجستر, الجزائر, جامعة قالمة, كلية العلوم الانسانية والاجتماعية, قسم التاريخ, ٢٠١٨م.

**بني عبدالرحمن: خالد سليمان حمد**

_ ادارة بلاد الشام فى العصر الايوبي, رسالة دكتوراه,جامعة الاردنية, كلية دراسات العليا, قسم التاريخ, ١٩٩٧م.

سليماني:سامية

_ النشاط الصليبي لهيئة الاسبتارية (٤٩٢_٩٢٨هـ/١٠٩٩_١٥٢٢م), رسالة ماجستر, جامعة الجزائر, كلية العلوم الانسانية, قسم التاريخ, ٢٠٠١م.

**ملخص البحث**

منذ تأسيس الكيانات السياسية فى العالم, هناك أراء و مصالح متباينة، و هذا ما يدفع فى كثير من الاحيان الى نشوء الصراعات المسلحة، وكان من اهم نتائجها وقوع اسرى من الجانبين، واستمرت تلك الحالة الى وقتنا الحاضر، وستمتد الى المستقبل, لذا فالاسر حالة إنسانية متجددة، والنطرق اليها ضرورة.

وعصر السلطان صلاح الدين الايوبي (٥٦٧_٥٨٩هـ/١١٧١_١١٩٣م)، لم يكن مستثناة من الأسر، بل كثر فيه، ومصير أغلبهم هو السجن, ولكن لم يكن الأسر، نهاية للاسير، فقد حرص الاطراف المتحاربة بجد لتحرير أسراهم، ومن أهم طرق تحرير الأ سرى، هو: تبادل الاسرى، اعطاء الفدية، تحرير الاسرى لتحقيق السلام، وتسليم الاسوار والقلاع, وعطف القادة, وكان صلاح الدين من اعطف أولئك القادة, اذا اصبح يضرب به المثل، للتسامح عند الصديق والعدو.

**Abstract**

The beginning of the creation of political entities in the world was based on the difference in their opinions and interests, which caused their confrontation. The most significant consequence of such confrontations was captivity. This phenomenon has existed over the past to the present time and will continue in the future. It means that such topic is contemporary and important.

The phenomenon of captivity was very common in the Salaheddin Ayoub,s era (567-589AH/1171-1193AD), which has resulted in many different situations, but we are only focusing on freeing captives.

Salahaddin was one of those who wanted to free captives, but in different ways. The most important ways include captive exchange, captives by money, for the sake of securing general peace, against the surrender of strongholds and walls, and respecting the leaders, personalities of the other side, and because of the affection of Salahaddin,s personality. This lead him to become a typical example by both allies and enemies.